سەردار فەتاح ئەمین
سەرپەرشتی بڵاوکردنەوەی ئەکات
Amsterdam Holland

تاراوگە
TARAWGA

بڵاوکراوەیەکی کوردیی هەواڵییە، لە هۆڵەندا دەردەچێت

31 Oktober 2018
Tel&viber&WhatsApp: +31684950807
Emai: sardarfatah@live.nl
ژمارە 17
ساڵی یەکەم 31 ئۆکتۆبەری 2018

# کرۆنۆلۆژیای مێژووی تورک: لە گۆڤاری (تالیا) ی ئەڵمانییەوە




چەند وتەیەکی پێویست:

بێشک هەڵوێست و بۆچوونی سیاسەتی ئەمڕۆی دەستەڵات و سیستەمی دەوڵەتی تورکیا، لە هەمبەر کورد و مافەکانیدا، ڕوون و ئاشکرایە. ئەوان بێپەردە، دژی هەر مافێکی نەتەوەیی و کولتووری کوردن. یەکێک لە خاڵە سەرەکیەکانی وڵاتانی ئەوروپای هاوبەشیش کە بەسەر تورکیایدا دەسەپێنن، باوەڕ هێنانی تورکیایە بە هەبوونی کەمایەتیەکان ـ وەک کورد ـ ئەوجا ڕەچاوکردنی مافە نەتەوەیی و کولتوریەکان. لێ، تورکیا لە ساتێکدا باس لە کۆماری تورکی لە قوبرس دەکات. پارێزگاری لە مافی کەمە نەتەوە تورکزبانەکانی بولگاریا، هێرتسی گۆڤینا و کوردستان ـ کە نیوەیان کوردن ـ دەکات، کەچی بە پێچەوانەی ئەو هەڵویستەی، کە بۆ سیاسەتی نێودەوڵەتی شایانی قبووڵ نییە!، دژی هەر مافێکی کوردە لە ناو نیشتمانی خۆیدا کە کوردستانە؟

وڵاتانی ئەوروپایش ئەم سیاسەتە دووفاقەییە نادروست و نا دیموکراتیەی دەستەڵاتی تورکیایان، لا پەسەند و قبووڵ نییە. دەستەڵاتدارانی تورکیا، وەها هەڵسو کەوت دەکەن، دەڵێیت هەزاران ساڵە خاوەنی ئەو نشینگە و نیشتمانەی کورد و ئەرمەنی و یۆنانی و لاس و عارەبەن، کە ئێستاکە کۆمارێکی تورکی لە سەر بنیاد نراوە! ئەگەرچی، کۆمەڵگەی ئێستای تورکیا، هەر لە دامەزراندنی ئیمپراتۆری عوسمانیەکانەوە، کۆمەڵگەیەکی تێکەڵە لە گەلە جیاوازەکانی وەک، تورک، کورد، عارەب،لاس، ئەبغاس، چەرکەس و ... هتد. بەڵام زۆر جێی سەرسوڕمانە، تاکی ئەو گەلە بە تورک و تورکێنراوانە، کە لە ڕابردوودا بە سیاسەتی، موسڵمان بوون و ـ ئوممەتی ئیسلام ـ هەڵدەخەڵەتێنران و خۆڵ دەکرایە چاوی ناهۆشیارەکانەوە.



وەرگێرانی لە ئەڵمانییەوە: ئەنوەر ئەڵمان

نهاکەیش سیاسەتی شۆڤێنی ـ پان تورکیزم ـ پەیڕەو دەکەن. هەر وەک ئاژداد و ئابادیان تورکی ڕەسەن بووبێتن! بڕوانە چۆن خوێن ساردانە، مامەڵە لەتەک جێگە دێرۆکیەکانی گەلانی کورد و یۆنانی و ئەرمەن دەکەن و بێباکانە چەندین جێگەی کۆنئارا و مێژووی و گرنگی وەک ـ حەسەنکێف ـ دەخەنە بن ئاو. هەروەک لە دروستکردنی بەنداوی گەورەی ـ گاپ ـ دا، بە سەدان و هەزاران گوند و نیشتمانی دیرۆکی کوردیان چۆڵ و غەرقی ژێر ئاو کردا! بە زەبری کوشتن و ئەشکەنجە بە هەزاران ئەرمەنیان کردە موسڵمان. گوند و ماڵ و کەنیسەکانیان لێداگیر کردن. زیاد لە یەک میلیۆن و نیو ئەرمەنیشیان قەلاچۆ کرد! یۆنانیەکانیان دەکوشت یانیش بۆ یۆنان دەریان دەکردن، یانیش لەتەک تورک زبانەکانی دورگە نێزیکەکانی سەر سنووردا، دەیانگۆڕینەوە! کە لە ساڵی 1974 دا سوپای تورکیا بەشی ژووروی دورگەی ـ قوبرس ـ ی داگیر کرد، کۆمارێکی تورکیای لەسەر بانگهێشتە کرد، کە تا ئێستاکە لە تورکیا خۆی زیاتر، لە لایەن هیچ دەوڵەت و وڵاتێکەوە باوەڕی پێناکرێت و جێی قبووڵ نییە!

بڕوانە: لاپەڕە 3

**ئەم ژمارەیەی بڵاوکراوەی تاراوگەمان تەرخان کرد بۆ ئەم نوسینەی کاک ئەنوەر ئەڵمان تایبەتە بە کرۆنۆلۆژیای مێژووی تورک کە لە گۆڤاری تالیای ئەڵمانییەوە کردوویەتی بە کوردیی..**

# چەند یادەوەرییەکی ناو خوێندنگەی فێربوونی زمانی ڕوسی لە مۆسکۆ

**بەختیار شەمەیی- ئەمستردام**

ساڵی ١٩٨٧ لە مۆسکۆ، خوێندکاری ئامۆژگای زمانی ڕوسی و ئامادەکاری بووم بۆ خوێندنی زانکۆ، یەکێ لە مامۆستاکانمان کە زمانی ڕوسی پێدەوتینەوە ناوی ڤالێریا بوو، خاتوون و ئافرەتێکی زۆر سادە و هێمن و پشوودرێژ بوو، کەسێکی خوێنەرەوە و تێگەیشتوو و ڕۆشنبیریش بوو، بەڵام زۆر دژی ئەڵمانیا و ئەڵمانییەکان بوو. جا سەیرەکەش ئەوە بوو، لەگەڵ ئەوەشدا، کە ئەندامی پارتی کۆمۆنیستی یەکێتیی سۆڤێتی بوو، ئەو رکوکینە فرە زۆرەی، کە لە بەرامبەر ئەڵمانیا و ئەڵمانییەکاندا هەیبوو، نەیدەشاردنەوە و بە ئاشکرا دەری دەبڕین. هەرکاتێک ئەگەر بابەتێکی خوێندنەکەمان پێوەندیی بە جەنگ و جەنگە جیهانییەکانەوە هەبووایە، ڤالێریا ئەو دەرفەتەی بەکار دەهێنا و بە سەروپۆتەڵاکی ئەڵمانیا و ئەڵمانییەکاندا دەهاتەخوارە، تەنانەت هەندێک جار وشەی زۆر ناشیرین و ناشایستەشی بۆ بەکار دەهێنان. ئەمە ئەو کاتە بۆ ئێمەی خوێندکاران زۆر نائاسایی و سەیروسەمەرە بوو. سەرنج بدەن! لە یەکێتیی سۆڤێتدا، لە مۆسکۆی پایتەختی جیهانی سۆسیالیزم و کۆمۆنیزم و ئاشتی و دۆستایەتیی نێوان گەلاندا، مامۆستایەکی ڕوسی و کۆمۆنیست، بەرامبەر بە نەتەوە و وڵاتێکی دیکە، ئەوە بیرکردنەوە و گفتاری بێت!؟ ڕۆژێکیان لێم پرسی: ڤالێریا خانم، بەڕێزتان کۆمۆنیستن و خۆتان بە مرۆڤدۆست و دۆستی هەموو گەلانی جیهان دەزانن، کە هەر دەشبێت وا بێت، ئەی چۆن دەکرێت هێندە دژ و دوژمنی گەلی ئەڵمانی و وڵاتی ئەڵمانیا بیت و ئەو وشە ناشایستانەیان بۆ بەکار بهێنیت؟ هەندێک جار دەیگوت ئەڵمانییە فاشیستەکان و ئەڵمانیای فاشیست، نەک فاشیستە ئەڵمانییەکان، یان فاشیستەکانی ناو میللەتی ئەڵمان،ئەگەر سەرنج بدەین، جیاوازی زۆرە لە نێوان، دەستەوشەی، ئەڵمانییە فاشیستەکان و فاشیستەکانی ئەڵمانیادا! بە کورتییەکەی پێموت: ئێمەی کوردیش کێشەی نەتەوەیی و نیشتمانیمان لەگەڵ نەتەوەکانی تورک و عەرەب و فارسدا هەیە و هەر یەک لە دەوڵەتانی ئەو وڵات و میللەتانە بەشێکی نیشتمانەکەی ئێمەیان داگیرکردووە و بەشێکی و نەتەوەی کورد دەچەوسێننەوە و دەمانکوژن و وڵاتمان تاڵان و وێران دەکەن، بەڵام ئێمە وەکو کورد، ئەو مافە بە خۆمان نادەین، کە خۆمان بە دژ و دوژمنی هەموو تورک و عەرەب و فارسێک بزانین. ئێمە ئەو جۆرە وشانە بەرامبەر بە ئەو میللەتانە بەکار ناهێنین. ئێمەی کورد دژ و دوژمنی ئەو نەتەوانە نین و نابین. بەڵام دەوڵەتەکانیان و ڕەگەزپەرستەکانیان بە دوژمنی خۆمان دەزانین و ئێمە خەبات بۆ بەدەستهێنانەوەی مافە ڕەواکانی خۆمان دەکەین، بۆ ئازادی و سەربەخۆیی خاکی خۆمان تێدەکۆشین. ڤالێریا خانم، لە وەڵامدا وتی: ئەگەر ئێوەش ئەڵمانەکان کەسوکارەکانتانیان بکوشتنایە و ماڵەکانتانیان وێران بکردنایە و ئەو کارەساتانەی کە بەسەر ئێمەی رووسدا هێناویانن، بەسەر ئێوەیشیاندا بیانهێنایە، ئێستا ئێوەش وەکو ئێمەی رووس، بیرتان لە ئەڵمانییەکان و ئەڵمانیا دەکردەوە. ئیتر لەو مامۆستا کۆمۆنیستەوە تێگەیشتم کە گیان و هەست و هۆشی نەتەوەپەروەری و نیشتمانپەروەری، لەگەڵ تیۆریی وشک و بێ گیاندا، دوو شتی زۆر لێکجیاوازن. بەڕاستی رووسەکان بەگشتی، ئەگەرچیش ڕەنگە هەموویان ئەو هەستەیان بە ئاشکرا دەرنەبڕن و نەینووسن، بەڵام هەموویان هەر وەکو ڤالێریا بیر لە ئەڵمانییەکان و ئەڵمانیا دەکەنەوە، تێگەیشتم کە ئێمەی کورد لە باری نەتەوەپەروەری و نیشتمانپەروەرییەوە، چەند لە دواوەین و چەند سادە و ساکار و خۆشباوەڕین و چەند بە هەڵە و پێچەوانە لە برایەتی و دۆستایەتیی نێوان میللەتانی تورک و عەرەب و فارسی دراوسێمان تێگەیشتووین. مامۆستا ڤالێریا، کەسێکی کۆمۆنیست و ئەندامێکی پێشکەوتووی پارتی کۆمۆنیستی یەکێتیی سۆڤێت بوو. ئیتر تێگەیشتم کە ئێمە کوردایەتییەکەیشمان راست و دروست نەبووە و بە هەڵە تێیگەیشتین و بە هەڵە جێبەجێمان کردووە. هیچ نەتەوەیەک نابێت بە دۆست و دڵسۆز و برای هیچ نەتەوەیەکی دیکە. درووشمی برایەیەتیی نێوان نەتەوەکان، هەر درووشم و وشەی ڕەنگاورەنگە و بۆ خەڵەتاندنە و هیچیتر. هەر چۆن بێت، ئێمەی کورد، لەگەڵ هەموو ئەو رابووردووە خراپەشدا کە ڕەگەزپەرستەکان و داگیرکەرەکانی میللەتە سەردەستەکانی دراوسێماندا، بەڵام هەر ناچار بووین بیگوزەرێنین، بەڵام هیوادارم لەمەودوا نەتەوە دراوسێکانمان، دژ و دوژمنمان نەبن و ئەو مافە رەوایانەی کە خۆیان هەیانە، هەمان ئەو مافانە بۆ ئێمەی کوردیشی بە رەوا بزانن و ئێمەیش وەکو ئەوان خاوەنی دەوڵەتی سەربەخۆی خۆمان بین و لە نیشتمانی ئازاد و یەکگرتوو و سەربەخۆی خۆماندا وەکو دراوسێی باش، بە ئاشتی و ئارامی و دۆستانە و خۆشگوزەرانە، پێکەوە بیگوزەرێنین.

کێشە و پرسی بەڵگە!؟ بەڵگەتان چییە کە سەددام و دەوڵەتی عێراق، چەکی کیماییان دژی ئێوە بەکار هێنابێت!؟ ئەو دوو ساڵەی کە لە مۆسکۆ دەمخوێند، ئێمەی خوێندکاران لە هەموو بۆنە و دەرفەتێکدا، باسی دڕندەیی سەددام و بەعسییەکان و سوپای عێراقمان بۆ رووسەکان دەکرد، بەتایبەتی بۆ مامۆستا کۆمۆنیستە رووسەکانمان، ئەوان هەمیشە بەرگرییان لە سەددام و بەعسییەکان و دەوڵەتی عێراق دەکرد و دەیانووت سەددام باشە و عێراق بەرەو سۆسیالیزم دەبات، لێیان دەپرسیم تۆ بەڵگەت چییە کە سەددام و دەوڵەتی عێراق چەکی کیمایيان دژی کورد بەکار هێنابێت!؟ لە وەڵامدا پێم دەوتن: باشە ئەی ئەگەر ئێستا لەم کاتەدا لێتان بپرسم بەڵگەتان چییە کە ئەڵمانەکان لەو دوو جەنگەدا کە لەگەڵ ئێوەدا ئەنجامیان داوە، رووسیان کوشتووە و رووسیایان وێران کردووە!، ئێوە چی دەڵێن و کوا بەڵگەکانتان؟ رووسەکان دەیانوت، ئەوە ئاسانە، دەتوانین هەزاران بەڵگەتان پیشان بدەین و بتانبەین بۆ مۆزەخانەکانی جەنگ و بۆ گۆڕستانەکان و بۆ هەموو ئەو شوێنانەی کە وەکو پاشماوەی جەنگەکان پاراستومانن پێم دەوتن: راستە، بەڵام ئێمەش دەتوانین بتانبەین بۆ هەڵەبجە و هەموو ئەو شوێنانەی دیکەی کوردستان کە بەر بۆمباران کردنی چەکی کیمایی کەوتوون و ئێوە دەتوانن شوێنەکان و گۆڕستانەکان و بەرکەوتووەکان هەموویان بەچاوی خۆتان ببینن، لە کوردستان دەتوانین سەدان گۆڕستان و هەزاران هەزار گۆڕی بەرکەوتووانی چەکی کیمایی سەددام و دەوڵەتی عێراقتان پیشان بدەین، پاشان خۆ ناکرێت ئێمە هەر کاتێک داوای بەڵگەمان لێبکرێت، سەدان گۆڕستان و هەزاران گۆڕ هەڵبدەینەوە تا راستیی ئەو کارەسات و رووداوانە بسەلمێنین!؟ ئەو گۆڕستان و گۆڕانە، هەموویان خۆیان بەڵگەن، بەڵام کێشەکە ئەوەیە کە ئێوە ناتانەوێت پشتی سەددام و دەوڵەتی عێراقی دۆستتان بۆ میللەتێکی ژێردەستەکراو و زۆرلێکراو و ستەملێکراو و تاوانلێکراوی وەکو ئێمەی کورد، بدەن لەزەوی و زیان بە بەرژەوەندییە نارەواکانی خۆتان بگەیەنن، ئێوە خۆتان لە بەڵگە و راستییەکان گێل دەکەن، بەکورتییەکەی ئەوە هەڵوێستی کۆمۆنیستەکانی رووس بوو بەرامبەر بە نەتەوەیەکی ژێردەستە و شۆڕشگێڕ و ئازادیخوازی وەکو ئێمەی کورد!؟

لە ژمارەی داهاتوودا بابەتێکی بەختیار شەمەیی بڵاودەکەینەوە دەربارەی یەکێ لەو بەڵگانەی، کە کۆمۆنیشتە ڕوسەکان لە ڕۆژنامەی پراڤدای ئۆرگانی فەرمیی پارتی کۆمۆنیستیی یەکێتیی سۆڤێتیدا بڵاویان کردۆتەوە و بە ئاشکرا نکوڵیان لە بەکارهاتنی چەکی کیمیایی دەکرد...

**تاراوگە بڵاوکراوەیەکە** دەنگ و ڕەنگی هەموو کوردانی تاراوگەیە، بەبێ جیاوازی ئینتمایی سیاسی و حیزبی، هەموو زانیاری و ئاگاداریەک و بابەت و هەواڵی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و هونەری بڵاودەکاتەوە، لە ئێستادا بە شێوەی ئەلەکترۆنی بڵاودەبێتەوە، تاراوگە بەرپرسیار نییە لە ناوەڕۆکی نوسین و ئینتمای سیاسی نوسەری بابەتەکان.

# توركەكان لە نیشتمانی داگیركراویشدا.
# بە سەدان كەنیسەی ئەرمەنی و یۆنانیان كردە مزگەوت

لە نیشتمانی داگیركراویشدا، بە سەدان كەنیسەی ئەرمەنی و یۆنانیان كردە مزگەوت. بەناوبانگتریان ـ كەنیسەی مێژوویی بێزەنتیەكانە لە شاری ـ كۆنیستانتینۆ پۆلیس ـ كە پاش داگیر كردنی لە ساڵی 1453 دا ناوەكەی بووە ـ ئیسلامپۆلیس ـ و دواتریش ئیستەمبوڵ، بە ناوی ـ هاجیا سۆفیا ـ منارەی بۆ دروستكراو كرایە مزگەوت. خۆشبەختانە لە ژێر كارگەریی ئەوروپادا، لە ساڵی 1934 ەوە بۆتە مۆزەخانە! دەستەڵاتی توركیا كە لە ئەوروپایش داوای مافی كەمایەتیە توركەكان ـ كە نیوەیان كوردن بە پاسی توركیەوە!! ـ دەكات، كەچی دژی هەر مافێكی كوردە لە هەر جێیەكی ئەم گێتیەدا بێت! تەنانەت لە ڕۆمانی یەكەمی ـ یەشار كەمال ـ دا بەناوی ـ دورگەی مێروو ـ ، كە ڕۆژنامەی نەتەوەپەرستەكانی توركی بەناوی ـ حوریەت ـ مافەكەی لێكڕی بۆوە، ئەو بەشەیان لە ڕۆمانەكە دەرهێنابوو كە باس لە كێشەی كورد لە باكوری كوردستان دەكات. لە ساتێكدا سیاسەتی شۆڤێنی دەستەڵاتی توركیای كۆماری، هەفتا ساڵە كورد دەتوركێنن، كەچی ـ تەیب ئەردۆگان ـ ڕوو لە وڵاتانی ئەوروپا هاوار دەكات: ( بە ئەوروپی كردنی توركەكان ـ بۆ نموونە لە ئەڵمانیا ـ گەورەترین تاوناكاریە لە هەمبەر مرۆڤایەتیدا...) . خۆشیان بەهەمو جۆرێك لە هەوڵی ئەوەدان، كورد نەك هەر لە باشوری كوردستاندا، فیدراڵ و ئۆتۆنۆمیشی نەبێت، بەڵكوم وەك كوردیش ناو نەبرێن! بەڵام لە هەوڵی دروستكردنی ـ توركمانستانێك ـ دایە و پایتەختەكەیشی ـ كەركوك ـ بێت!! ئەم سیاسەتی پارادۆكس و تەڵەهەڤ و پێچ دەرپێچ و نازانستیی و نا یاسایی و نامرۆڤانەیەی دەستەڵاتدارانی توركیا، دەستەڵات و تاكەكانی ئەوروپایشی تووشی سەرسووڕمان و نیگەرانی و پەستی كردووە. كە بە هیچ جۆرێكیش لەتەك سیاسەتی سەردەمدا وێك نایەتەوە. ئەمانە كورتە و پوختەی نموونەیەك لە هەڵویستی نامرۆڤانە و نا دیموكراتی دەستەڵاتدارانی ئێستاكەی ـ توركیان. تەنانەت ڕۆشنبیر و دیموكراتەكانی توركیش، كە باس لە مێژووی توركیا دەكەن ـ بێئاگایانە هەڵوێست لەسەر دوو هەزار ساڵی مێژووی توركیا لە ـ توركیای ئێستادا! ـ ڕادەگرن. بێشك ئەمەیش خۆ گێل كردن و درۆكردنە لە ڕەوتی مێژوویی. چونكە بە پێی بەڵگەنامەی مێژوویی، بەر لە هەزارەی یەكەمی زاینی، تاقە تورك زبانێك لەسەر خاكی كورد و ئەرمەن و یۆنانیەكان نەبووە و نەژیاوە!

لە دەووروبەری 300 ساڵەی بەری زایینی هەتا 550 پاش زایینی*

552 بەری زاینی. بومین كاگن، دەستەڵاتدارێتی مەنگۆلای ـ یوان یوان ـ دەردەپەڕێنێت. لەژێر دەستەڵاتی ـ موخان ـ ی كوڕیدا، یەكەمین دەستەڵاتی بەرفراوانی توركزبان دادەمەزرێنێت.

لە 553 ـ 572 ەوە، لە زێی ـ بایكال ـ ەوە هەتا دیواری گەورە، ـ چین ـ بەرفراوان دەبێت.

575 ، بە سەرۆكایەتی ـ ئیستەمی ـ بەسەر ـ هونە سپیەكان ـ هیفاتالیتن، سەردەكەون. بە ڕێكەوتن لەتەك ـ ساسانی ـ ەكاندا، دەتوانن خۆ بگەیەننە ـ شەقامی پەشمین ـ حەریر!.

582 بە هۆی ژن و ژنخواز و ڕێكەوتنی بازرگانیەوە، هێرش كردنە سەر چین.

682 دامەزراندنی دووەم دەستەڵاتی توركی لە ڕۆژهەڵاتەوە، هەتا ساڵی 745 .

693 و بەرو ژوور. هەمدیسان بەهێزیی دەستەڵاتی توركی لە بەشی ڕۆژهەڵاتەوە. بەسەرۆكایەتی ( قاپقان ) لە 691 ـ 716 .

721 دەستەڵاتدارێتی چین بە دانی خەرجی ناچار دەكرێت.

732 گرنگیدان بە نووسراوە و قەباڵەكانی مێژوویی و ڕێك و پێكیی دامەزراوە.

742/5 دوای لەناوچوونی دەستەڵاتی توركی ـ كاگاناتاس ـ لە بەشی ڕۆژئاواوە، دروست بوونی كۆنفیدراسیۆنێك لە دەستەڵاتە ناوخۆییەكانی وەك؛ بسمیل، ئویگور،كارلوك. سەرۆكی ئویگورەكان داوای نیشانی ـ خاقان ـ دەكەن و نیشانی ـ یابقو ـ یش بۆ ـ كارلوك ـ ەكان دەمێنێتەوە.

751 شەڕی نێوان عارەب و چین لە ـ تالاس ـ. سەركەوتن بۆ عارەبەكان دەبێت.

762/3 ئویگەرەكان باوەڕیان بۆ یەكتاپەرستی دەگۆڕن.

780 ـ دەووروبەری هەشتاكان! ـ ئۆگوسەكان لە پەیامی ـ ئیسیك كول ـ دێنە دەر و لە ـ ترانس ئۆكسانیان ـ سەر دەردێنن.

820 ـ دەووروبەری ئەو ساڵانە.

ـ ئویگورەكان دەگەنە ـ سیرداریا ـ .

840 دەووروبەری ئەو ساڵانە، چەركەسەكان بەسەر ئویگورەكاندا سەردەكەون. ئەوانیش خۆیان بەرەو ڕۆژهەڵاتی توركستان دەكێشنەوە و لەوێكانەدا، دەوڵەتی ـ كۆچۆ ـ دادەمەزرێنن.

960 بەشی ڕۆژهەڵاتی دەستەڵاتدارێتی ـ قەرەخاندن ـ بە دانیشتووی 200 000 ڕەشماڵەوە، دەچنە پاڵ ئیسلامەكان.

985 هەڵهاتنی سەرۆكی هۆزی سەلجوقەكان و چونە ناو ئیسلامەكانەوە.

1000 دەووروبەری ئەو ساڵانە، پەیدابوونی تورکە خەزنەویەكان بە سەرۆكایەتی مەحمود ناوێك. هۆزەكانی ئوخوز بە لەوەڕگاكانی بوخارادا بڵاو دەبنەوە.

لە مەحمودی خەزنەویەوە بۆ ئەڵپ ئەرسەلان، 1017 ـ 1072

1040 شەڕی دەندەناكان ـ دەندەنیل! وەرگێڕ! ـ سەلجوقەكان بە سەرۆكایەتی تۆغروڵ بەسەر خەزنەویەكاندا سەردەكەون. دەكەونە هێرش كردنە سەر ئێران. گەڕانیش بەرە و ئازەربایجان و ئەرمێنیا و موسڵ ـ باشووری كوردستان ـ و هەكاری، ـ باكووری كوردستان ـ وەرگێڕ، دەست پێدەكات.

1058 خەلیفەی بەغداد ـ تۆغروڵ وەك سوڵتانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای دەستەڵاتەكەی قبووڵ دەكات. ئەڵپ ئەرسەلانی خوشكەزاشی دەكاتە میری میران.

1071 لە جەنگی ـ مالازگیرت ـ دا لە كن ـ موش ـ ی ئاناتۆلیا ـ ، ئەڵپ ئەرسەلان بەسەر ـ ڕۆمانۆس ـ ی قیسەری شەشهەمی ڕۆژهەڵاتی دەستەڵاتی ڕۆمدا سەردەكەوێت. ( دەشێت بە سەرەتای هاتنی گەلانی توركزبان دابنرێت بۆ كوردستان ، كە تا مێژووی ئەم نووسینە دەكاتە 937 ساڵ!!)

سەلجوقە ڕۆمیەكان 1071ـ 1310

1086 مردنی یەكەم سەرۆكی سەلجوقەكان ـ سڵیمان، ب، كوتلوموش ـ لە ئەنتیۆخیا/ ئەنتاكیا.

1092 كیلیچ ئەرسلانی یەكەم لە نیكایا/ ئیزنیك، خۆی دەكاتە سوڵتان. لە ساڵی 1097 یشەوە، دەستەڵاتی بەسەر ـ كۆنیا ـ شدا دەگرێت.

1155ـ1192 كیلیچ ئەرسلانی دووەم ، لە ناوچەی (میریۆكیفالۆن) بەسەر بێزەنتیەكاندا سەردەكەوێت و ئیپراتۆرەكەی بەسەر 10 كورەكەی خۆیدا بەش دەكات.

1220 هاتنە سەر تەختی دەستەڵاتی عەلائەدین كەیقوبادی یەكەم. پەل ڕاكێشانی دەستەڵاتی ڕۆمی سەلجوق بەرە و ڕۆژهەڵاتی ئەناتۆلیا.( مەبەست لە باكووری كوردستانە ـ وەرگێڕ). ژووروی میسۆپۆتامیا و باكووری سوریا.

1243 جەنگی ( كۆسەداخی) لە دژی دەستەڵاتدارێتی مەنگۆلەكان. سوڵتانی سەلجوقەكان ناچار دەبێت سەر بۆ مەنگۆلەكان نەوی بكات و تەسلیم بێت. (پەرڤانە) ی جێگری سوڵتان دەكرێتە دەستەڵاتدار لە ئەناتۆلیا.

1273 مردنی هۆزەڤان و سۆفیی بیرمەند ( جەلالەدینی ڕۆمی ـ مەولانا ) لە كۆنیا.

1300 دەووروبەری ئەو ساڵانە،ڕادەی هەر بەرزی چەوسانەوە لە لایەن مەنگۆلەكانەوە، لە ئەناتۆلیا.

1310 دەووروبەری ئەو ساڵانە، كۆتایی دەستەڵاتی دیاری سەلجوقەكان لە ئەناتۆلیا.

دەستپێكی مێژووی نوێی عوسمانیەكان 1302ـ 1421

1302 سەركەوتنی عوسمانیەكان بەسەر سوپای بێزەنتیەكاندا، لە دەووروبەری (نیكۆمێدیا/ ئیزمیت).

بڕوانە ل 4

# ساڵی 1313 میرێکی تورکمانەکان بە ناوی قارەمان، دەست بەسەر شاری کۆنیادا دەگرێت

1313 میرێکی تورکمانەکان بە ناوی قارەمان، دەست بەسەر شاری کۆنیادا دەگرێت.

1326 قەڵاو بەربەستی ( بورسا) بەهۆی برسێتیەوە، دەڕووخێت و دەکەوێتە دەست عوسمانیەکان. عەسمانیەکانیش دەیگۆڕن بە یەکەم کۆشکی حەسانەوە و حوکمیان.

1354 گرتنی ( گالیپۆلی ـ ئەنقەرە) و دەچێتە ژێر قەلەمڕەوی عەسمانیەکان.

1369 داگیرکردنی ( ئەدریانۆپۆل ـ ئێدرنە ) . شارەکە هەتا 1453 و بەرفراوان بوونی زۆرتری عوسمانیەکان، وەک پایتەخت دەمێنێتەوە.

1386 میرەکانی قارەمان لە ئەناتۆڵیا، دەچنە ژێر دەستەڵاتی عوسمانیەکانەوە.

1393 بە گرتنی شاری (تارناڤۆ) کۆتایی بە ئیمپراتۆری بولگاریا دێت.

1389 شەڕ لە (ئەمزلفێلد و پۆلێ لە کۆسۆڤۆ). موڕادی یەکەم بەسەر سوپای زێربەکاندا، بەسەرۆکایەتی ( لازار) سەردەکەوێت. هەردوو سەرکردەکەیش دەکوژرێن.

1396 لە شاری ( نیکۆپۆلیس) ی سەر ڕووباری دۆناو، ( زیکسمۆند) ی قیسەری هەنگارو سوپاکەی تێک دەشکێنرێن.

1401 بایەزیدی یەکەم کە لە ساڵی 1397 ەوە کۆنیای داگیر کردووە،دەبێتە تاکە دەستەڵاتداری ئەناتۆڵیا و هەتا مالاتیا و خوارووی ڕۆژهەڵاتی خاکی ئەوروپا و هەتا سەر (ئادریا).

1402 لەشەڕی ئەنقەرەدا،بایەزیدی یەکەم،بەسەر مەنگۆلەکاندا و، بەسەرۆکایەتی تەیموور. زاڵ دەبێت. هەمدیسان گەڕانەوەی سیستەمی بەگایەتی لە ئەناتۆلیا . شەڕی کوڕانی بایەزید لەسەر دەستەڵات.

تەشەنەکردنی عوسمانیەکان بۆ هێزی گەورە و بەربڵاو 1421 ـ 1512

1444 شەڕ لە (ڤارنا). (ڤلادیسلاڤ) ی پاشای هەنگاریا دەڕوخێنرێت.

1453 داگیرکردنی ( کۆنستانتینۆپۆلیس) لەلایەن سوڵتان مەحەمدی دووەمەوە.

1461 ڕوخانی کۆتایی دەستەڵاتی یۆنانیەکان لە ئاسیای بچوکدا، لە ترابزون.

1463 سەرەتای شەڕی درێژخایەن لە دژی (ڤێنێدیک ـ ڤێنێسیا) ، هەتا 1479 .

1468 شکانی تەواوەتی قارەمان. کوژرانی ( سکاندربیگس) کە لە ئەلبانیا بەرپەرچی عوسمانیەکانی دەدایەوە و بەرهەڵستی دەکرد.

1473 سەرکەوتن بەسەر میرنشینی( ئەکویۆنلو) دا. بە سەرۆکایەتی (ئۆزون حەسەن) لە ( ئوتلوکبێلی). یەکەمین هاتنی تورک بەرەو ( کرۆواتیا) و (کراین ) و ( کێرنتن ـ نەمسا).

1480 شەڕی (ئەپۆلین) و داگیرکردنی (ئۆترانتۆ) لە لایەن تورکەکانەوە. هەتا 1481 لەژێر دەستەڵاتیاندا مایەوە.

1492 دەرکردنی جولەکەکان لە ئیسپانیا و وەرگرتینیان لە لایەن عوسمانیەکانەوە.

1500 لە ئێران شا ئیسماعیل دێتە سەر تەختی دەستەڵات. 1505 (بەغداد) داگیر دەکات. لە ئەناتۆڵیا لایەنگری زۆر لە نێو تورکمانەکاندا پەیدا دەکات. بە ناوی (سەر سوورەکان).

1509 زەوی هەژەیەکی بەهێز، ئیستەنبوڵ و هەندێک جێگەی ڕۆژهەڵاتی زەریای ناوەڕاست تێک دەدات.

لوتکە هێزی عوسمانیەکان:

1514 سەرکەوتنی سەلیمی یەکەم ـ 1512 ـ 1520 ،لەشەڕی چاڵدێراندا بەسەر سەفەویەکاندا. ڕاوەدونانی سەر سوورەکان( واتە گرتن و کوشتنیان ـ وەرگێڕ)

1516/17 داگیرکردنی سوریا و میسر و ڕوخانی دەستەڵاتی ( مەمالوک )

1520/1566 لەژێر دەستەڵاتی ( سوڵێمانی قانونی ) دا، ئیمپراتۆرەکە دەگاتە ئەوپەڕی هێزی بەرفراوانی خۆی.

1526 شەڕی ( موهاژ) و کۆتایی هێنان بە سەربەستی دەستەڵاتی پاشایەتی هەنگاریا

1529 ئابلۆقەدانی (ڤین) لەلایەن عوسمانیەکانەوە.

1536 پەیماننامەی بازرگانی لە نێوان عوسمانی و فەڕەنسەدا.

1541 داگیرکردنی ( بوداس) و ناوەڕاستی هەنگاریا.

1571 شەڕی زەریایی لە ( لیپانتۆ). شکانی عوسمانیەکان لە هەمبەر کەشتەیەکانی ڤێنێسیان ـ هابسبورگ و پاپدا.

1571 داگیرکردنی قوبرس.

1577 /1572 بنیاد و دروستکردنی مزگەوتی ( سلیمیا) لە (ئەدیرنە). کاری ( سینان) ی نەخشەکێش.

1589 ناڕازایی و بەرهەڵستی ( جانیخارەکان) دژی مانگانە وەرگرتن بە دراوی بەسەرچوو.

1606 /1593 شەڕی نێوان عوسمانی و هابسبورگ لە ( لانگە).

1606 پەیمانی ئاشتی لە ( زیتڤاتۆرۆک) لەتەک هابسبورگدا. لەسەر بنەمای هێزی بەرا مبەر.

40 / 1623 موڕادی پێنجەم ( بەغداد) لە سەفەویەکان دەسێنێتەوە.

1635 بزووتنەوەیەکی فوندامێنتاڵ ـ بنەوی، بە دەووری ( قادی زادە محەمەد ئەفەندی) دا خۆ ڕێکدەخەن.

1640/84 ئەولیا چەلەبی بە دەستەڵاتی ژێر قەلەمڕەوی عوسمانیدا دەگەڕێت و گەشتنامەیەک دەنووسێتەوە.

1645/70 شەڕی نێوان عوسمانیەکان و (ڤێنێدیگ ـ ئیتالیا) بە داگیرکردنی دورگەی کرێتا لەلایەن عوسمانیەکانەوە تەواو دەبێت.

1648 خەتیب چەلەبی مێژووناس، دەست دەکات بە نووسینەوەی ( کۆسمۆگرافی جیهان نما)

1651 لە سیدارەدانی (قوسەم سوڵتان ) ی دایکی موڕادی پێنجهەم و ( ئیبراهیمۆس) و دایەگەورەی محەمەدی پێنجهەم. کۆتایی هێنان بە دەستەڵاتی ( یانیچارن ـ وەرگێڕ!!) لە سیاسەتی عوسمانیدا.

1656/61 کۆپرولو محەمەد پاشا، هێزی سیاسی و ئابووری دەخاتە دەستی وەزیری گەورەوە.

1663/64 شەڕی نێوان عوسمانیەکان و هابسبورگ. شکانی بەرامبەرلە (ست ـ گۆتهارد) و داگیرکردنی (نیۆهۆیسلس) لەلایەن عوسمانیەکانەوە.

1672 شەڕ لە دژی پۆلۆنیا و داگیرکردنی ڕۆژئاوای ئۆکراینا و پۆدۆلین.

1683 ئابلۆقەدانی دووەمجاری (ڤین) لەلایەن عوسمانیەکانەوە. شکاندنینان لە لایەن سوپای بەرهەڵستیکارەوە لە چیاکانی (کاهلن)

1695 چەسپاندنی دانی (سوو ـ زەریبە!) بۆ هەمیشە.

1699 دوای شکانی عوسمانیەکان لە شەڕی ( سلانکامن لە 1691 دا و لە زینتا لە 1697دا. عوسمانیەکان هەنگار و بەشێکی زۆری ( دالاماتین و پۆدۆلین و پۆلۆپۆنێس) دەدۆڕێنن و لە دەستیان دەردەهێنرێتەوە. ئینجا بەستنی پەیمانی ئاشتی لە (کارلۆڤیتس)

سەدەی هەژدە

1714/18 شەڕی عوسمانی لە هەمبەر (ڤێنێدیگ ـ ئیتالیا) و 1715 گەرتنەوەی پێلێپۆنیس.

1716/18 شەڕ لە دژی هابسبورگ. لە دەستدانی (بێلگراد) لەئاکامی پەیمانی ئاشتی (پاسارۆڤیچ ـ 1718)

30 /1718 ئیبراهیم پاشای وەزیری وەزیران. پاشان دەبێتە ترۆپکی بەرزیی دەستەڵات بەناوی ( زەمانی گوڵاڵە سوورە)

1721 سەفەری نوێنەر محەمەد چەلەبی بۆ فەرەنسا.

1729 ئیبراهیم موتەفەریقە، بۆ یەکەمینجار و لەسەر زەوی عوسمانی بە تورکی پەڕتووکێک تەواو چاپ دەکات.

1739 پەیماننامەی ئاشتی بێلگراد. داگیرکردنەوەی بەلگراد و سێربیا و ڤالاخی گچکە لەلایەن عوسمانیەکانەوە.

1755 تەواو کردنی مزگەوتی ـ نوری عوسمانی ـ لە ئیستەنبوڵ

1757 هۆزەکانی بیابان ڕێگە لە کاروانەچیەکانی بەرەو حەج دەگرن و دەبڕن.

بڕوانە ل 5

# ساڵی 1774 پەیمانی ئاشتی لە (کوچوک کاینارجا) لەتەک ڕوسیادا. عوسمانیەکان زەوی ژێر دەستەڵاتیان لە دەست دەدەن.

1774 پەیمانی ئاشتی لە (کوچوک کاینارجا) لەتەک ڕوسیادا. عوسمانیەکان زەوی ژێر دەستەڵاتیان لە دەست دەدەن. دەستپێکردنی هاتوچۆی دەریایی ڕوسیا لە زەریای ڕەش.

1788/1822 تەپە دێلێنی عەلی پاشا لە ناوچەی (لوانینا/ ئێپیرۆس) دەبێتە دەسەڵاتی ئۆتۆنۆم.

1790 یەکگرتنێکی نێوان پرۆیس و عوسمانیەکان.

1791 پەیمانی ئاشتی لە (سیستۆڤا). سنوور نیشانەکردنەوەی وەک بەری جەنگ لە نێوان هابسبورگ و عوسمانیدا.

1792 گەلێک ڕیفۆرمی سوپایی و ئابووری لە لایەن سەلیمی سێهەمەوە لە 1807/1789.

1793/1796 دامەزراندنی کونسوڵگەریی هەمیشەیی عوسمانی لە لەندەن، ڤین، پاریس و بەرلین.

1801/1798 پەلکێشانی ناپۆلیۆن بۆناپارتس بەرەو میسر. داگیرکردنی و هێرش کردنە سەر بەشی سوریاش.

1805 محەمەد عەلی، دەبێتە دەستەڵاتدار لە میسر.

1806/12 شەڕی نێوان عوسمانی و ڕوس.

1807 خۆپیشاندان و هەڵچوون لە ئیستەنبوڵ و لابردنی سەلیمی سێهەم لەسەر کار

1809/12 شەڕی نێوان عوسمانی و ڕوس بە پەیمانی ئاشتی لە ( بوکارست) کۆتایی پێدێت. عوسمانیەکان هەمدیسان ( مۆلداو،ڤالاخای) وەردەگرنەوە. بەڵام (بیس ئارابیان) نیان لە دەست دەچێت.

1821/30 شەڕی ڕزگاریخوازی یۆنانەکان

1839/1826 مەحمودی دووەم

1826 خۆپیشاندان و هەڵچوونی ( یانیتجارنەکان) لە ئیستەنبول و لێدانیان لەلایەن لایەنگرانی دەستەلاتەوە.

1828 لەهەمان ساتدا، سوپای ڕوسیا هێرش دەباتە سەر بەڵکان و قەفقاز. داگیرکردنی قەڵەمڕەوی میرایەتی ( دۆناو) و (ئێریڤان).

1829 پەیمانی ئاشتی ( ئەدریانۆپێل). یۆنان دەبێت لەژێر مانداتی ڕوسیادا، هەتا سنووری ( ئەرتا ـ ڤۆلۆس) پەل بکێشێت و درێژ بێتەوە.

1830 مەحمودی دووەم دەکەوێتە سەرەتای پێنج گەشتەکانی!

1831 محەمەد عەلی پاشای دەستەڵاتداریی میسر، سوریا داگیر دەکات.

1832 دانپیانانی دەستەلاتێکی ئازادی مۆنارش ـ پاشایی، لە یۆناندا. یەکەم ڕۆژنامەی میریی ناوچەیی بەناوی ( کرێتا)

1833 پەیمانی پارێزگاریکردنی نێوان ڕوسیا و تورک لە (هونکار یسکەلەسی)

1835 ڕیفۆرمی گەورەی دەوڵەت. شاری (تریپۆلی ـ لیبیا) ی باکووری ئەفریقا، هەمدیسان دەکەوێتەوە ژێر ڕکێف و دەستەڵاتی عوسمانی. چوونی سەرلەشکری پرۆیسەکان ـ ئەڵمان! ـ ( هیلموت مۆڵتکە) بۆ کن دەوڵەتی ءوسمانی.

1838 دامەزراندنی لیژنەی باڵای ئامۆژگاری بۆ ڕێکوپێکیی یاسایی . پەیماننامەی بازرگانی لەتەک بەریتانیادا لە ( باڵتا لیمان). دامەزراندنی دەستگایەک بۆ بابەتی خوێندنی گشتی.

ڕیفۆرمە بەسوودەکانی دەهەی ئەو ساڵانە( 1839 ـ 1876 )

1839 گۆڕین و راوێژ لە پەروەردەدا و ڕەخنەیش لە خوێندنگە( قورئان ـ ئاینیەکان). لە دەستەڵات خستنی( عەبدول مەجید). ڕیفۆرمە پێشنیارکراوەکان لە لایەن ( کولخانە)

1845 قات و قڕ و برسێتی لە ئەناتۆلیا، بەهۆکاری وشکەساڵیەوە.

1846 دامەزراندنی دەستگایەک بۆ بەرهەمهێنانی مامۆستایان.

1851 ڕێکخستنی کۆمەڵەیەکی زانستی ـ ئەنجومەنی دانش! ـ

1852/ 1853 قەیرانی ( مۆنتینێگرۆ). میر ( دانیلۆ پێترۆڤیچ نیگۆش)،جاری خۆ بە میری سەردەم زانین دەدا.

1853 ڕوسیا داوای پارێزگاری لە کریستە ئۆرتۆدۆکسەکانی قەڵەمڕەوی عوسمانی دەکات. پاش لێکترازانی پەیوەندی دیبلۆپاتی هەردوولا، لەشکری ڕوسیا سنووری میرنشینەکانی ( دۆناو) دەبەزێنێت.

1854 قەدەغەکردنی بازرگانی بە غولام ـ عەبدەکانی قەفقازیاوە.

1855 خۆبەدەستەوەدانی عوسمانیەکان لە ( سێواستۆپۆل). کۆتایی شەڕی ( کریم).

1856 سەرەتای کار بۆ دروستکردنی ڕێگا ئاسنی (کۆنستانزا- جیرناڤۆدا) ـ خەتی هومایۆن ـ و بەکردار کردنی یەکێک لە گرنگترین ڕیفۆرمەکان. قەبوڵکردنی پەیمانی ئاشتی پاریس، بە زۆربەی دەنگ.

1857 هەڵگرتنی سوو ـ زەربیە، لەسەر نامسوڵمانەکان.

1861 لوبنان لەژێر دەستەڵاتێکی مەسیحیدا، دەبێتە ناوچەی ئۆتۆنۆم. عەبدول عەزیزی برای عەبدول مەجید، دەچێتە سەر تەختی دەستەڵات. دەبێتە سوڵتان.

1867 سەرەتای دەستپێکردنی پروپاگەندەکانی ( لاوانی عوسمانی) لە ئەوروپا. گەشتی سوڵتان عەبدول عەزیز بۆ ئەوروپا.

1867 کۆکردنەوەی یاسا بنەڕەتیەکان،بە پێی ڕێساکانی حەنەفی.

1867 داگیرکردنەوەی یەمەن لەلایەن عوسمانیەکانەوە.

1870 دامەزراندنی دەستگایەکی پەروەردەی مامۆستایان و یاسای نوێژەنی خوێندنگە.

1873 یەکەمین پێشناگای وێنەی دەستەڵاتی عوسمانی. سالۆنیکی ـ یۆنان ، بە هۆی ڕێگەی ئاسنەوە بە ئەوروپای ناوەندەوە گرێ دەدرێت. قەیران و دارمانی ئابووری دەوڵەتی.

1876 هەڵسانی بولگاریا لە دژی عوسمانی. لە کار خستنی سوڵتان عەبدول عەزیز و هاتنە سەر کاری موڕادی پێنجهەم. سێربیا و مۆنتینێگرۆ بەشداری شەڕی دژی عوسمانی دەکەن. مەتحەد پاشا پێشنیاری یاسایەک دەکات. دانانی عەبدول عەمیدی دووهەم و جاڕی یاساکە لە 23 / 12 هەمان ساڵدا.

عەبدول حەمیدی دووهەم ـ دیکتاتۆرێکی ڕاسەپێن؟( 1876 / 1908)

1877 لەدەستەڵات خستنی مەتحەد پاشا. دەرکەوتنی یەکەم پەرلەمێنتی عوسمانی. بانگەوازی جەنگ لەلایەن ڕوسیاوە. هەبوونی دوو بەرەی جەنگ. لە بەڵکان و لە قەفقازیا.

1878 دەستپێکی ئاشتی لە ـ سان ستیفانۆ ـ (3/مارت). سەربەخۆیی تەواوەتی مۆنتینێگرۆ/ سێربیا و ڕۆمانیا. بولگاریاش دەبێتە میرنشینێکی ئۆتۆنۆم بە سوپای خۆیەوە. پەیمانی عوسمانی/ ئینگلیز لە هەمبەر سەربەخۆیی قوبرسەوە. پەیمانی بەرلین لە 13/یولیدا. لەشکرکێشی سوپای نەمسا ـ هەنگاریا بۆ ناو بۆسنیا و هێرتسیگۆڤینا.

1879 دامەزراندنی دەستگایەک بۆ چاودێری قەرزارێتی دەستەڵات.

1882 گەیشتنی نوێنەری نوێی سەربازی بۆ کن عوسمانی. یەکەم کۆلۆنی کشتیاریی جولەکە لە فەلەستین.

1888 کارگوزارێکی ئەڵمانی پێشنیاری دروستکردنی هێڵی ئاسنی ئەناتۆلیا/ لە حەیدەر پاشاوە بۆ ئەنقەرە دەکات.

1889 یەکەم گەشتی (ویلهێلمی دووهەمی ئەڵمان) بۆ ڕۆژهەڵات.

1891 لوتکەی خۆدەرخستنی گەنجە تورکەکان.

1894 لە خوێندنگە نامسوڵمانەکاندا تورکی وەک بابەتی وانە دەسەپێنرێت. دامەزراندنی ڕێکخراوی بەرهەڵستیکارو وەک : کۆمەڵەی یەکێتی و پێشکەوتن.

1895 یەکەمین بڵاوکراوەی ئافرەتان بڵاو دەبێتەوە. خۆپیشاندان و پرۆتێستی ئەرمەنیەکان لە ئیستەنبوڵ و کوشتوکوشتارێکی زۆر لێیان .

1896 هەڵسانی ئەرمەنیەکان لە شاری ـ ڤان ـ دەست بەسەراگرتنی بانکی عوسمانی لە ئیستەنبوڵ لە لایەن شۆڕشگێڕانی ئەرمەنیەوە.

1897 شەڕی (30) ڕۆژەی نێوان عەسمانی و یۆنان.

1900/1 کردنەوەی ـ سەرلەنوێی ـ زانکۆی ئیستەنبوڵ و دەستکردن بە کاری هێڵی ئاسنی حیجاز.

1902 یەکەمین کۆنگرێسی لاوەتورکەکان لە پاریس.

شۆڕشی گەنجە تورکەکان و شەڕی جیهانی

1908 شۆڕشی گەنجانی تورک: سوڵتان باس لە بەیاساناسین و قبوڵکردنی دەستووری 1876 دەکات. لێکگرێدانی بۆسنیا و

بروانە ل 6

# ساڵی 1913 بێئەوەی جاری شەڕ درابێت.
# شەڕی دووهەمی بەڵکان بە دەستپێشخەری سوپای گەنجانی تورك دەست پێدەكات.

1909 هەڵچوونی سەرانی سوپا. هەردوو بەشی پەرلەمانت، كۆبوونەوەیەكی نەتەوەیی لە شاری ـ سان شتیفانۆ ـ پێكدێنن و دڵسۆزی خۆیان بۆ دەستوور بەیان دەكەن. لابردنی سوڵتان عەبدول حەمیدی دووهەم لە دەستەڵات و هاتنە سەر تەختی دەستەڵاتی محەمەدی پێنجهەم.(21 ئۆگوست) گۆڕانی بنەڕەتی دەستوور.

1910 هەڵسانی ئەلبانەكان. سەرنەگرتنی هەوڵ بۆ قەرز لەلایەن فەرەنساوە. ڕازیبوونی ئەڵمانیا بۆ دانی قەرز.

1911 هەڵسانی ئیمام یەحیای یەمەنی. چوونی سوڵتان بۆ كۆسۆڤۆ. بانگهێشتەی ئیتالیا بۆ جەنگ.

1912 شەڕو پێكدادان لە ـ توبروك ـ لە هەمبەر داگیركاریەكانی ئیتالیادا لە باكوری ئەفریقادا. لە مانگەكانی ( ئەپریل و مای ) دا ئیتالیا دوورگەكانی ( دودێكانێس) داگیر دەكات. مۆنتینێگرۆ جاری شەڕ دەدات. بەدوایدا سیربیا و یۆنان و بولگاریایش جاری شەڕ دەدەن. پەیمانی ئاشتی ( لۆزان ـ ئۆوچی ) لەتەك ئیتالیادا لە 18 ی ئۆكتۆبێردا. بولگاریا تێكدەشكێنرێت و ناچاری پەیامی شەڕ ڕاگرتن لەتەك توركیادا دەبن.

1913 بێئەوەی جاری شەڕ درابێت، شەڕی دووهەمی بەڵكان بە دەستپێشخەری سوپای گەنجانی تورك دەست پێدەكات.

1914 ڕێكەوتننامەی نێوان ئەڵمان و ئینگلیز لەسەر هێڵی ئاسنی بەغداد. پەیمانی نهێنی نێوان ئەڵمان ـ توركیا لە 2 ئۆگۆستدا. لە 29 ی ئۆكتۆبێردا كەشتی جەنگی ئەڵمان ( گۆبن)، تەقە لە بەربەستەكانی ـ سێواس تۆپۆل ـ دەكات. جاری شەڕ لەلایەن ڕوسیاوە لە 3 ی نۆڤێمبێردا. لە 5 ی هەمان مانگیشدا لە لایەن ئینگلیز و فەرەنساوە.

1915 تێكشكانی سوپای عوسمانی لە 10ی یانیوەردا و لە ـ ساریقامیش ـ لە هەمبەر سوپای ڕوسیادا. هەوڵدانی نیشتنەوە و خۆ گەیاندنە نیوە دوورگەكانی ـ گالیپۆلی، لە 25 ی ئەپریل . لە لایەن یەكگرتووەكانەوە. دەركردنی یاسای كاتی لەهەمبەر ڕاگوێزانی ناموسڵمانەكانی ناوچەی ئەناتۆلیاوە. بە سەدان هەزار كەس لە ئەرمەنی و مەسیحیەكانی دی بوونە قوربانی.

1916 یەكگرتووەكان لە مانگی یانیوەردا، واز لە ـ دەردەنیل ـ ی داگیركراو دێنن. لە 5 ی هەمان مانگدا، دەستپێكی بزووتنەوە و هەلسانی عارەب بە سەرۆكایەتی شەریف حوسێن.

1917 لە مانگی سێپتێمبەردا ( ڤیلهێلمی دووەمی ئەلمانیا) دەچێتە كن سوڵتانی عوسمانی. لە 8 دێتسێمبێردا ( ئورشەلیم ) دەكەوێتە دەستی ئینگیزەوە.

1918 مردنی محەمەدی پێنجهەم و دەستەڵات وەرگرتن لەلایەن محەمەدی واحیدەدەینی شەشهەمەوە. دەست لەكار كێشانەوەی دەستەڵاتی تەلعەد پاشا. خۆبەدەستەوەدانی عوسمانیەكان لە ئاكامی شەڕوەستانی ـ مۆدروس ـ دا لە 30 ئۆكتۆبێردا و هەڵهاتنی سەرۆكانی گەنجانی تورك.

1919 مستەفا كەمال ( ئەتاتورك) ،لە مانگی ئەپریلدا پلانێك دادەنێت كە بۆ ئەناتۆلیا بچێت. ئەویش بە پێی ڕێكەوتنی كۆنفرانسی ئاشتی پاریس، كە بۆی هەیە ( ئیزمیر) بگرێت.( 14 ی مای) . هەڵسانی ئەناتۆڵیا لەلایەن كۆنگرێسی نەتەوەییەوە لە (ئەرزرۆم) و ( سێواس) ەوە، لەلایەن مستەفا كەمالەوە ڕێكدەخرێت و كاری بۆ دەكرێت.

1920 ڕێكەوتننامەی ئاشتی ( سیواس) كە لەلایەن دەستەڵاتی سوڵتانەوە و لە ( 10 ی ئۆگۆستدا ئیمزا دەكرێت.

مستەفا كەمال و توركیای نوێ:

1921 لەمانگی یۆلیدا، هێرشی یۆنانیەكان لە باڵی خۆرئاوای ئاناتۆلیاوە. بەرهەڵستی خوێناوی لە (زاكاریا) و هەتا 13 ی سێپتێمبێر.

1922 سەركەوتن بەسەر سوپای هێرشبەری یۆنانیەكاندا لە ( دومبلوپینار) و گرتنی (ئیزمیر). كۆبونەوەی نەتەوەیی بڕیاری هەڵوەشانەوەی دەستەڵاتی سوڵتان دەدات. هەڵبژاردنی عەبدول مەجیدی ـ مافدار بە دەستەلاتی پشتاوپشت ـ بە خەلیفە. دەستپێكردنی كۆنفرانسی ڕۆژهەڵاتی ناوەند لە ( لۆزان). مستەفا كەمال جاری دامەزرادنی ( پارتی گەل دەدات.

1923 ئاشتینامەی لۆزان : دیاریكردنی سنوورەكانی توركیا. ڕەچاوكردنی مافی ـ گەرەنتی ـ كەمە نەتەوەكان. ئەنقەرە دەكرێتە پایتەخت. هەڵبژاردنی مستەفا كەمال بە سەركۆماری توركیا و جاری كۆماریش دەدرێت.

1924 هەڵگرتن و لابردنی ـ خەلیفات ـ و دوورخستنەوەی خێزانی عوسمانیەكان. بڕیاردان لە هەمبەر دەستوورەوە لە لایەن كۆبونەوەی نەتەوەییەوە لە 20 ئەپریلدا.

1925 هەڵسانی كوردەكان. یاسای قەدەغەكردنی دەروێشایەتی. قەدەغەكردنی لەچك و سەرپۆش. ـ سەردابۆشین ـ .

1926 چەسپاندن و جێبەجێكردنی یاسای مەدەنی لەسەر نموونەی یاسای مەدەنی سویسرا. وەرگرتن و چەسپاندنی یاسای تاوانكاری ـ جەریمە ـ ی ئیتالیا.

1927 سەرژمێری. ( توركیا 14 میلیۆنە)

1928 ( 10ی ئەپریل)، لە دەستووری یاساییدا، بەندی ( ئیسلام ئایینی دەوڵەتە ) دەسڕدرێتەوە. یاسا چەسپاندن (3 نۆڤێمبێر) لە هەمبەر توركچێتی و باكارهێنانی ڕێنووسی لاتینیەوە.

1930 دەنگدانی ئافرەتان لە هەڵبژاردنە ناوچەییەكاندا( بە پێی دەستووری هەر شارێك لە 3 ی ئەپریلدا) . لە 8 ی دێتسێمبێری 1934 یشەوە، ئافرەتان مافی هەڵبژاردنی نەتەوەیی سەراتاسەریان دەبێت.

1931 بانگهێشتەی هەڵبژاردن لە لایەن مستەفا كەمالەوە. كە پارتەكەی پارتێكی، كۆماری،نەتەوەیی،گەلخواز و شۆڕشگێڕ و نائایینیە.

1934 هەتا2 ی یولی 1936 یاسای هەڵبژاردنی ناوی خێزانی.

1936 ( 20 ی یولی)، ڕێكەوتننامەی (مێرنگن) لە ( مونتروكس). توركیا داخوازی دەستەڵات بەسەر (بۆسپۆرۆس) و ( دەردەنیل ) دا، دەكات.

1938 ( 10نۆڤێمبێر)،مردنی ئەتاتورك. لە 11 مانگدا( عیسمەت ئونونو) دەبێتە سەركۆمار

1939 بەستنی سەنجاق ـ ناوچە ! ـ ی ( ئەلێكساندرێتا ـ ئیسكەندەروونە ـ حەتایا !) بە كۆمارەوە. لە 26 دێتسێمبێردا، ئەردهەژەی ئەرزنجان كە 32962 كەس مردن.

1941(18 یونی) ، پەیمانی دۆستایەتی لەتەك ئەڵمانیادا.

1942 یاسا لەهەمبەر زەریبە! ـ سەركۆزەی سەروەتەوە.بەڵام ئەم یاسایە كەمایەتیە ناموسڵمانەكان ناگرێتەوە.

1944 (3ی ئۆگۆست)، وەستان و ڕاگرتنی پەیوەندی لەتەك ئەڵمانیادا.

1945 (23 فێبروەری) بانگهێشتەی جەنگ لە دژی ئەڵمان و ژاپان. (24 ی فێبروەری) بوونە ئەندامی نەتەوە یەكگرتووەكان.

1946 دامەزراندنی پارتی دیموكرات و دەستپێكی سیستەمی دوو پارتیی.

1947 ( 12ی مارت) سەركۆماری ئەمریكا ـ ترومان ـ بانگەوازی هاوكاری بۆ توركیا و یۆنان دەكات.

1948 پارتی گەل بڕیار لەسەر وتنەوەی وانەی ئایینی دەدات لە پۆلەكانی چوار و پێنجی سەرەتاییدا.

1949 ڕێگەدان بە توركیا بۆ چوونە ناو لیژنەی ڕاوێژكاریی ئەوروپا لە ( شتراسبورگ)

1950 (14 مای) پارتی دیموكرات بە ڕێژەی 54% لە هەڵبژاردنی گشتیدا، زۆربەی دەنگەكان دەباتەوە. دەستپێكی سەردەمی ( مندەریس). بە پێی ئامۆژگاری لیژنەی ئاشتی و ئەمنی نەتەوە یەكگرتووەكان، ناردنی سوپا بۆ كۆریا.

1952 (18 فێبروەری) بوونە ئەندام لە پەیمانی باكووری ئەتلانتیك ـ ناتۆ!

1954 (2 ی مای) دووهەم سەركەوتنی پارتی دیموكرات لە هەڵبژاردندا.

بڕوانە ل ٧

# ساڵی 2005 دوای هەوڵ و خەبات لە دژی قەیرانی ئابووری، بڵاوکردنەوەی دراوی نوێ (لیرەی تورکی).

1955 قەیرانی قوبرس. لە 6 ی سێپتێمبێردا، پیاهەڵشاخان و خراپەکاری لە دژی یۆنانیەکان لە ئیستەنبول - کۆنستانتینۆپۆلیس!

1957 ( 27 ئۆکتۆبەر) هەڵبژاردنی گشتی. پارتی دیمۆکرات % 48 ی دەنگەکان دێنێت و 424 کورسی.

1960 کۆبوونەوە و خۆپیشاندانی خوێندکاران بۆ پشتگیری لە (ئونونو)ی سەرۆکی بەرهەڵستیکاران - ئۆپۆزیسیۆن! لە( 27 ی مای ) دا،کودەتای ئەفسەرەکان و دەستەڵاتی سەربازی لەژێر فەرمانی گێنێراڵ (گورسل) دا.

1961 بە کۆمار بوونەوەی تورکیا. ڕیفراندۆم لەسەر دەستووری نوێ. بڕیاری مەرگ و مردن بەسەر (مندەرس) و دوو وەزیردا.

1963 (12 ی سێپرێمبێر) تورکیا واژۆی پەیمانی ئابووری لەتەک یەکێتی ئابووری ئوروپادا دەکات. پەیمانەکە لە 1 یانیوەری 1964 ەوە کاری پێدەکرێت.

1965 سەرکەوتن لە هەڵبژاردندا بۆ پارتی یەکسانی ( سلێمان دەمەرێڵ)

1971 ( 12ی مارت ) دەست لەکار کێشانەوەی دەستەڵاتی دەمەرێل، لەژێر کارگەری ڕای سەربازیەکاندا. پێکهێنانی کابینێتێکی دەستەڵاتداری دەرەوەی پارتەکان، بە سەرۆکایەتی ( نیهاد ئەریم). لە 27 ئەپریلی ئەوساڵەوە هاتا 12 ی سێپتێمبێری 1973 ، دەستەڵاتی داسەپاوی سەربازی و گۆڕین لە دەستووردا(20 ی سێپرێمبێر).

1974 کابینەی پارتی کۆماری (ئەجەڤید) لەتەک پارتی ( م،س،پ) ی (ئەربەکان) دا. 20 ی یولی دابەزینی سوپای تورکیا و داگیرکردنی باکووری قوبرس.

1975 یەکەم دەستەڵاتی میریی ( بەرەی نەتەوەیی) لەژێر دەستەڵاتی (سلێمان دەمەڕێڵ) دا.

1978 پێداهەڵشاخانی سوونە و عەلەویەکان لە ( ماراس).

1979 لەقاودانی دامەزراندنی ( پارتی کارکەری کوردستان - پ،ک،ک). دیمێرێل دەبێتە کەمێتی ناو کابینەوە.

1980 ڕیفۆرمی ئابووری لەلایەن (تورگوت ئۆزاڵ) ەوە. 6 ی سێپرێمبەر کۆبوونەوەی ئورشەلیمی پارتەکەی( نەجمەدین ئەربەکان) لە کۆنیا. 12ی سێپتێمبەر، گرتنە دەستی دەستەڵات لەلایەن سەربازیەکانەوە. گێنێڕاڵ ( ئێڤرین) دەبێتە سەرکۆمار.

1981 (16 ی ئۆکتۆبێر)، هەڵوەشاندنەوەی هەندێک پارتی لەلایەن لیژنەی ئاسایشی نەتەوەییەوە. لە لایەن وەزیری پەروەدەوە؛ قەدەغەکردنی لەچک - سەرپۆش - لە خوێندکارە کچەکان.

1982 ڕێفراندۆم لە بارەی دەستووری نوێوە و هەڵبژاردنی ( کەنعان ئێڤرین) بە سەرکۆمار.

1983 سەرکەوتنی پارتی ( ئا،نا،ئا،پ) لە هەڵبژاردنە گشتیەکاندا.

1984 یەکەم چالاکی پارتی کارکەری کوردستان. گۆڕینی پرۆژەی بەنداوی (گاپ) بە پرۆژەیەکی بەرفراوانی ئابووری.

1987 تورکیا دەکەوێتە هەولی وەرگرتنی لە یەکێتی ئەوروپادا.

1989 هەڵبژاردنی (تورکوت ئۆزاڵ ) بە سەرکۆمار.

1990 جێبەجێ کردنی بەنداوی ( ئەتاتورک) لەسەر ڕووباری فوڕات.

1991 ( 20ی نۆڤێمبێر) ، پارتەکەی سلێمان دەمێرێل( پارتی ڕێی ڕاست) یەکگرتنێک لەتەک پارتی سۆسیال دیموکراتەکاندا پێک دێنێت.

1992 کۆبوونەوەی جیهانی تورک لە ئەنقەرە لەتەک ئازەربایجان، کازاخستان، ئوسبەگستان و تورکمەنستان دا.

1993 مردنی سەرکۆمار ( تورگوت ئۆزال). سلێمان دیمێرێل جێگەکەی دەگرێتەوە. تانسو چێلەر وەک بەرەی ئۆپۆزیسیۆن دەبێتە سەرۆک وەزیران.

1995 هەڵبژاردنی سەراسەری. پارتی گەشەکردن بە ڕێژەی %21 دەنگ دێنێت و بەرەیەک لەتەک پارتەکەی تانسو چیلەردا( %19) دا پێک دێنێت.

1996 پەیمانی گومرگیی لەتەک یەکێتی ئەوروپادا، کاری پێدەکرێت.

1998 قەدەغەکردنی پارتی گەشەکردن لەلایەن دادگای دەستووریەوە.

1999 (13ی فێبروەر) بەدیلگرتنی عەبدوڵا ئۆچ ئالانی سەرۆکی ( پ،ک،ک) لە نەیرۆبی. لە 17 ی ئۆگۆستدا، ئەردەهەژەی بەهێز و خەساردەر لە دەووروبەری مەڕمەڕە.

2001 مانگی فێبرەور، قەیرانی ئابووری. پرۆگرامی کاتی بۆ بەهێزکردنی ئابووری تورکیا. قەدەغەکردنی پارتی باشیی کە پاشماوەی پارتی گەشەکردن بوو.

2002 دەستکرنەوە بە گفتوگۆی کێشەی قوبرس. سەرکەوتنی پارتی یەکسانی و گەشەکردن ( ئا،کا،پ) ی تەیب ئەرۆگان بەڕێژەی %34 لە هەڵبژاردنەکاندا. تەنیا پارتی کۆماری دەتوانی ڕێژەی %10 بەدەست بێنێت و بەڕێژەی دەنگی %19 دەبێتە پارتی بەرهەڵستیکار - ئۆپۆسیزیۆن - ئۆپۆسیزیۆن.

2003 ئۆردۆگان لە بریتی عەبدوڵا گول دەبێتە سەرکۆمار.

2004 لە هەڵبژاردنە ناوچەییەکاندا (ئا،کا،پێ) بەڕێژەی %24 ی دەنگەکان لە پێشترەوەیە. یەکێتی وڵاتانی ئەوروپا داوای بەشداری کردنی تورکیا دەکەن، لەمەڕ گفتوگۆ لە بارەی باکووری قوبرس و ئەگەری قوبرس بۆ بوونە ئەندامی یەکێتی ئەوروپا.

2005 دوای هەوڵ و خەبات لە دژی قەیرانی ئابووری، بڵاوکردنەوەی دراوی نوێ (لیرەی تورکی).

2007 دانی خەڵاتی نۆبلی وێژەیی بە (ئۆرهان پاموک - لەدایکبووی 1951) . وەستانی هەوڵەکان لەتەک تورکیادا، لەمەڕ بوون بە ئەندام لە یەکێتی ئەوروپادا. لەبەرەوەی تورکیا دەبێتە کێشە لە سەر ڕێگەی گفتوگۆکان لەتەک هەردوو بەشەکانی قوبرسدا، بۆ یەکگرتەوە و بوونە ئەندامی - قوبرس - لە یەکێتی ئەوروپادا. هەڵبژاردنی نوێ بۆ پەرلەمان و سەرکۆمار. پاش گۆڕین لە دەستووردا و سەرکەوتنی تمواوی پارتی (ئا،کا،پێ) ، هەمدیسان چالاکی لایەنگرانی (پ،ک،ک لە باشووری ڕۆژهەڵات ( کوردستان - و)

2008 ( ئۆگۆست30)، لێپرسینەوەی دەستووری لە دژی پارتی ( ئا،کا،پێ) سەرناگرێت.

پوختە ڕای کۆتایی:

بێشک ئەگەر چاو بە دێرۆکی مرۆڤایەتی و داگیرکردنەکاندا بگێڕین، نموونەی لەبەرچاو هەن، بۆ نموونە گەلانی ڕەسەنی ( ئەمریکا، نیوزێ لاند، ئەفریقای باشوور، ئۆستراليا و بەشێکی دیاری ئەمریکای لاتین..) کە وڵاتەکانیان لە سەرەتاو ناوەڕاستی هەزارەی دووەمەوە، لەلایەن سپی پێستی ئەوروپا و یان ئیسپانیەکانەوە داگیر کراوە، زمان و کولتوور و ئایین و کەسایەتیان لێزەوت کراوە. کەسایەتی خۆیان لێبزر و ڕفێنراوەو کەسایەتیەیکی نوێی بە زمان و ئایینی داگیرکەریی و دروستکراوی پاشکۆڵۆنیان پێدراوە! ژمارەیەکی هێندە کەم لە دانیشتوانی ڕەسەنی بۆ نموونە ( ئۆستراليا و نیو زێلاند ) ماون، هەزاران جار بەداخ و کەسەرەوە، وەک هەلومەرجی چوونە باخی ئاژەڵان. لە جێیەکی تایبەتیان قایم کردوون و گەشتیار بۆ سەیرکردن و وێنەگرتن لەتەکیاندا،دەنێرنە لایان..!

لێ، تا نهاکە دوژمنان و داگیرکەرانی کورد و کوردستان، بەتایبەتی تورک نەیانتوانیووە، کورد بە جۆری گەلێکی وەک ( لاس) بتورکێنن و زمان و کولتوور و کەسایەتیمان وەندا بکەن. لەتەک هەموو کەمتەرخەمی و ناتوانایی خەباتێکی سەرتاسەری و ئیدۆلۆژیەکی نەتەوەیی بۆ سەرفرازی هەمیشەیی، بەڵام ئەمەیش مایەی هیواو ئاواتی مانەوەی کوردە - وەک کورد و کەسایەتیەکی جیاواز لە گەلانی داگیرکاری ناوچەکە - لەتەک ڕەوتی مێژووی مرۆڤایەتیدا بڕوات و سووریش بێت لەسەر هێشتنەوەی زمان و نیشتمان و کولتووری خۆی.

سەرچاوە:
گۆڤاری ( تاليا) ی ئەڵمانی، مانگی سێی 2008
لاپەڕە 7 - 20

# هەواڵی ئەدەبی و هونەری تاراوگــــە:

## پێشەنگای شێوەکاری گەڵاکانی پایز




بۆ دووهەمین جار کومەڵەی کوردی موردایک لەشارۆچکەی زەیڤنبێرخن لە هۆڵەندا پێشانگایکی هونەری ڕێکخستووە بۆ 11 هونەرمەندی کورد و هۆڵەندی لە بواری شێوەکاری، سیرامیک، دراتاشی . لەڕۆژی هەینی ڕێکەوتی 9 تا 22 ی نۆڤەمبەری ٢٠١٨ هەموو ڕۆژانی کارکردن لە کاتژمێری 9 ی بەیانی تا کاتژمێری 5 ی دوای پاشنیوەڕۆ کراوەیە، بە ئامادەبوونی بەرپرسی کەلتوری شارەوانی موردایک....هاتن بۆ هەموانە پێشانگاکە وەک نەریەتێکی ساڵانەی لێهاتووە، لە مانکی ئۆکتۆبەر یان نۆڤێمبەری هەموو ساڵێک، کۆمەڵەی کوردی شارەوانی موردایک ئەو پیشانگایە دەکەنەوە بە هاوبەشی هونەرمەندانی کورد و جیهانی، بە مەبەستی گەیاندنی ئاستی هونەرمەندی کوردیی وەتێکەڵاوبونێکی کەلتوری و مرۆی لە نێوانی کەلتورە هەمەڕەنگەکاندا، بۆنموونە ئەمساڵ 11 هونەرمەند بە شدارن، چواریان کوردن، کە بریتین لە عومەر ڕەسوڵ، خالید ڕەسوڵ، ئاشتی شێخانی و بژار حەمدی، هونەرمەندانی دیکەی هۆڵەندی، فەڕەنسی و جۆرجیا. ئەوەی شیاوی باسە ئەو هونەرمەندانە هەموویان خانمن وەک بەڕێزان:

Corry olthof, annielaverijssen, toosmikkers, Nel knook, Coorrie leffers, Thea shamugiya, nelly madoulet.




## پێشانگەی شێوەکاری هونەرمەند کاروان عەبدوڵلا
## لە هۆڵی شارەوانی ستادکەناڵ سەرووی هۆڵەندا




پێشانگەی شێوەکاری هونەرمەند کاروان عەبدوڵلا لە ڕۆژی 29 ی ئۆکتۆبەر بۆ 29 نۆڤێمبەری 2018 بەردەوام دەبێت، لە ڕۆژانی دووشەممە تا پێنجشەممە کات 8ی بەیانی تا 16:00 عەسر و ئێوارەی ڕۆژی پێنجشەممە لە 17:30 بۆ 20:00 ئێوارە و ڕۆژانی هەینی لە 8 ی بەیانی بۆ 12:00 ی نیوەڕۆ.

## ئێمە پێشمەرگەین لە باوکەوە بۆ کوڕ

سیروان مارف و بارامی کوڕی پێکەوە نوسیوویانە، دوای ئەوەی بەزمانی فەرەنسی بڵاو بووەوە ئێستاش بەزمانی هۆڵەندی کەوتووەتە بازارەوە و لەبەر دەستی خوێنەراندایە.




لەهەموو سایتەکانی ئەمەزۆن و و کتێب فرۆشی ئۆنلاین، دەستدەکەوێت:

http://www.ako.nl/product/9789463580113/wij–zijn–peshmerga–s–sirwan–maro/

https://www.amazon.de/dp/9463580115/ref=cm_sw_r_sms_apa_i_w2n6AbQ3AGTQY?fbclid=IwAR2m2Zmj–VXjsHrM3mt4g9pmiFn4m7ALJyuZ_p_W0P2mog_OIgxKq8T1SM8

(ئێمە پێشمەرگەین لە باوکەوە بۆ کوڕ)، گێڕانەوەی ژیاننامەی پێشمەرگەیەکی کوردە، کە لە شاری کەرکوکی باشوری کوردستان، لەدایک بووە و هەر لە گەنجییەوە بە هۆی کوردبوونیەوە، چەوساوەتەوە، بۆیە بووە بە پێشمەرگە و دەربەدەر و ئاوارە بووە،

تازەترین نوسین دەرەبارەی ئەم کتێبە



# کاتی زستانە



بەکر شوانی – ئەڵمانیا



شەوی (شەممە لەسەر یەکشەممە)ی پێشوو، ٢٧ لەسەر ٢٨ ی ئۆکتۆبەر، لە ناوەندی ئەوروپا کات سەعاتێک هێنرایە دواوە و بەو جۆرە تا دوایین یەکشەممەی مانگی ئاداری ساڵی داهاتوو، بە کاتی زستانە کار دەکرێت.

ئەم سیستەمە لە کوێوە هاتووە؟

سیاسەتمەدار، نوسەر، وەشانگەر، زانا، داهێنەر، دیپلۆمات و سەرمایەداری گەورەی ئەمریکایی بنیامین فرانکلین (1706–1790) کە وێنەی بەسەر پارەی سەد دۆلاریی ئەمریکاوەیە، داهێنەری کاتی زستانە و هاوینەیە. فرانکلین لە دەیەی حەوتەمی ژیانیدا ماوەی ساڵێک باڵیۆزی ئەمریکا بوو لە پاریس. لەوێ ئێواران بانگهێشت دەکرا بۆ ئاهەنگی پیاوانی دەوڵەت و توێژی بژاردەی پاریس. سەرنجیدا ئەوانە تا درەنگی شەو دەمێننەوە و بڕێکی زۆر مۆم دەسووتێندرێت. ئەمە زۆر لەبەر دڵی فرانکلین گران بوو، چونکە ئەو ئەگەرچی لە ڕێی داهێنانەکانییەوە سامانێکی زۆریشی پێکەوەنابوو، لەگەڵ ئەوەشدا پاشکەوتی لە هەموو شتێکدا زۆر بەلاوە گرنگ بوو. لەو سۆنگەیەوە پێشنیاری بۆ لێپرسراوانی ئەو سەردەمەی فەرەنسا کرد. خەڵکی بەیانیان سەعاتێک زووتر لە خەو هەڵسن، بۆ ئەوەی ئێواران و لە شەودا ئەو هەموو مۆمە لە وڵاتدا بە فیڕۆ نەسووتێن. پێشنیارەکە پەسەند کرا و ئەوەیش سەرەتای کارکردن بوو بە کاتی زستانە و هاوینە، بەڵام نزیکەی سەد و پەنجا ساڵێکی ویست تا گەلانی ئەوروپا لە سەری ڕاهاتن.

ساڵی 1973 لە میانەی شەڕی عەرەب و ئیسرائیلدا عەرەبەکان گەمارۆی نەوتیان خستە سەر وڵاتانی ڕۆژئاوا و لە ئەنجامی ئەو هەنگاوەدا کێشەیەکی قوڵی ئابوری هاتە ئاراوە، کە دواتر بە تەنگژەی وزە ناسرا. چەند ساڵێک دواتر ئەڵمانیا و هەندێک وڵاتی تر گەڕانەوە بۆ پێشنیارەکەی فرانکلین و کارکردنیان بە کاتی زستانە و هاوینە خستە بواری جێبەجێکردنەوە، بۆ ئەوەی لە بەهار و هاویندا سودی زیاتر لە ڕوناکی و تیشکی خۆر وەربگیرێت و لە سەرفکردنی وزەدا پاشەکەوت بکرێت. یەکێتیی ئەوروپایش ساڵی 2001 بڕیاریدا لە زۆنی ناوەندی ئەوروپادا، بە هەمان سیستەم کار بکرێت. تورکیایش لەسەر ئەو سیستەمە دەڕوات.

لە عێراقیش ساڵانی هەشتای سەدەی ڕابردوو ماوەیەک کار بەو سیستەمە کرا، بەڵام خەڵک لەسەری ڕانەهاتن، یان نەیانویست ڕابێن. کاتێک کەسێک پرسیاری کاتی دەکرد و وەڵامی وەردەگرتەوە، ئەمجار دەیپرسی: کۆن یان تازە؟ یان دەیپرسی: ئەسڵی یان سەدامی؟... دوای ڕوخانی سەدامیش چەند ساڵێک کاری پێکرا، بەڵام بە گەڕانەوە بۆ ئەزمونی ئەوروپییەکان بۆمان ڕوون دەبێتەوە، کە خەڵک کاتێکی زۆریان دەوێت تا لەسەری ڕادێن. هەر ئەمساڵیش یەکێتیی ئەوروپا لە ئینتەرنێت ڕاپرسییەکی ڕێک خست سەبارەت بە هێشتنەوە یان هەڵوەشاندنەوەی سیستەمی کاتی زستانە. زۆرینەی دەنگدەران لەگەڵ هەڵوەشاندنەوەی سیستەمەکەدان، بەڵام کۆمیسیۆنی یەکێتیی ئەوروپا هێشتا لەو بارەیەوە بڕیاری نەداوە.

<<<<<<<<<<<<<<<<<<<<<<<<<<<<<<<<<<<<<<<<<<


# خێلی چاو یارمەتی "لیۆناردۆ دافینشی" داوە بۆ وێنەکێشان!



**وەرگێڕانی لە ئەڵمانیەوە: موزەفەر عەزیز**

لیۆناردۆ دافینشی بەیەکێک لەگەورەترین نیگارکێشانی سەردەمی خۆی دەژمێردرێت، ئەمێستێ لێکۆڵەرێک لەتوێژینەوەیەکدا دەریخستوە کەخێلی چاوی یارمەتیدەری بووە بۆ وێنەکێشان، ئەو توێژەرە گومانی هەیەو پێی وایە کە خێلی چاوی لیۆناردۆ لەکاتی وێنەکێشاندا هاوکاری بووە، ئەو هونەرمەندە ئیتاڵییەی ڕێنیسانس لەوانەیە ماوەیەک لەرووی دەرەوەی چاوی، بە لاری سەیری شتەکانی کردبێت، دکتۆری چاو" کریستۆفەر تیلەر" لەزانکۆی لەندەن ، کەلەژمارەی نوێی گۆڤاری"یاما ئۆپت‌المۆلۆگی Jama " Ophthhalmology، بڵاوکراوەتەوە ، تایلەر تێیدا رایگەیاندووە، کە نیگای چاوێکی، خێل بووە بەلای دەرەوە، بۆیە ئەگەری ئەوە هەیە کە لیۆناردۆدافینشی کەمێک خێل بووبێت، ئەمەش بەجۆرێک بووە کە لەهێڵکاریشدا شێوەی سێ دووری، یا سێ ڕەهەندیی وەرگرتووە.





توێژینەوە لە شەش تابلۆدا:

بۆ دەستنیشانکردنی لێکۆڵینەوەکەش، تایلەر هەردوو چاوی بڕیوەتە سەر شەش لە تابلۆکانی لیۆناردۆدافینشی، لەناویاندا دوو دانە هەڵکۆڵین و پەیکەرتاشی بووە، دووی تریش تابلۆی ڕۆنی بووە و دووەکەی کۆتاییش هێڵکاری بووە، لەمانەدا بۆی دەرکەوتوە، کە چاوێکی بۆ دەرەوە خواربووە، ئەمەش هەموو کارەهونەرییەکانی تری نەگرتۆتەوە. بۆیە دەکرێ بگوترێت کە لیۆناردۆ دافینشی لەنێو هەموو بەرهەمەکانیدا ئاوێنە و ڕەنگدانەوەی چاوی تێدا بەرجەستە کراوە، لەناو توێژینەوەکەشیدا کارەهونەرییە بەناوبانگەکەی" مرۆڤی فیترۆفانی"ش هەیە، کە چوار دووری هەیەو لە وێنەکێش"سالڤاتۆر موندی"یشدا بوونی هەیە. هەروەها هونەرمەندانی ناوداری تری وەک: ڕێمبراند، ئێدگار دیگاس و پاپلۆ بیکاسۆش بەشێوەی جیاواز جۆرە خێلی و هەڵەیەکیان لەچاودا هەبووە.

سەرچاوە: دی ڤێلت وێنەی دووەمیش لەگۆگلە وەرگیراوە.

نالی نەمریش خێلی چاوی مەحبوبەکەی یارمەتیداوە کە بە هەستێکی ناسک و جوان وێنای بکات و بفەرموێ:

پێم دەڵێن: مەحبوبە خێل و قیچە، مەیلی شەڕ دەکا


خێل و قیچە، یا ترازووی نازی نەختی سەر دەکا؟!

خێل و قیچە، یا بە غەمزە بۆ نیشانەی دڵ بە چاو

مەیلی ڕاست هاوێشتنی موژگانی دڵ پەیکەر دەکا؟.!

لە ئاکامدا ئێمەش دەڵێین بەڵێ ڕاستە، خێلی یارمەتیدەرە بۆ ئەفراندنی کاری جوان!

# ناو و ناتۆره، ماف و تاوان



دانا هەڵەبجەیی

13.10.208 لاهای. هۆڵەندا

ناو، بریتییە لەو وشە و واژەیە، کە بۆ ناسینەوە و دەستنیشانکردنی مرۆڤ و ئاژەڵ و شت و سروشت بەکاردێت. ناوی مرۆڤ لە سەردەمی کۆنی سێ هەزار ساڵەی پێش زاییندا، لە لایەن میسرییەکانەوە بە باڵای فرعەون نەخشێنراوە، ئەوسا هاوڵاتیانیش ڕێگەیان پیدرا لە تەختە قورێنەکان بە ڕەنووسی هیرۆگلۆفی ناویان لێبنرێت و بنووسرێت، ئەمانیش گوایە لە شارستانیەکەی میزۆپۆتامیاوە وەریانگرووە.


ناوی مرۆڤ، بە پێ شوێن و کات، کولتور، ئایین، ڕەگەز و شارستانییەکانیان دانراوە و گۆڕانکاریی بەسەردا هاتووە.

زانستی ناوەکان و لە کوێ و لە چییەوە پەیدابوون و بنەچەکان لە کام سەرچاوەوە وەرگیراوە؟، بۆچوون و کێشمەکێشی فراوانی لەسەر کراوە و نوسراوە، کە زۆربەی ناوەکان دەگەڕێتەوە بۆ ناو و دۆخەکانی، کە مرۆڤ لە سەرەتای میژووی چوار هەزار ساڵەیدا هۆشیارانە پێی ئاشنا بووە، وەک: تاریکی و ڕوناکی، ڕۆژ و شەو، زەوی و ئاسمان، ئاو و هەوا و خاک. خۆر و مانگ و ئەستێرە، سەرما وگەرما، ، ، ، .

ناوی یەکەم و ناوی بنەماڵە؛

سەرەتا مرۆڤ هەر یەک ناوی هەبووە، پاشان ناوی دووەم یاخود ناوی خانەوادەیی، شۆرەت، لەقەب، نازناو، پاشگر، پاشناو، پیشەناو، ئاکارناو و ناوبانگ هاتونەتە ئاراوە و دابڕاون بەسەریاندا. لەقەب یا شۆرەت لە ناو عەرەبدا هەمیشە وەک ئاوەڵناوێکی نێگەتیف و بەدناو و بەدگۆ بە سەر مرۆڤەکانە دابڕاوە. هەرگیز ناوێکی جوان و زەریفیان نەکردووە بە قەدو باڵای خۆیان. تەنانەت لە قورئاندا هاتووە کە: ﴿ولا تلمزوا أنفسكم ولا تنابزوا بالألقاب﴾.

جگە لەوەی ناتۆرە و گاڵتەپێکردن و زڕاندنی ناوی مرۆڤەکان لە سەردەمی ئیسلامدا باوبووە، بۆ نموونە (وَامْرَأَتُهُ حَمَّالَةَ الْحَطَبِ) کە وەک قەشمەرییەک بۆ ئەبو لەهەب دابەزیووە، ژنێک، کە کۆڵەدار و چیلکە هەڵگرتبێت لای ئەوان دژنام و شورەیی بووە، کەچی لە کوردەواریدا وەک پێناسیەکی جوان بۆ ژنان، شیعری بەسەردا دەگوترا (کچان مەچن بۆ چیلکە، پێشمەرگە وا لە تیکە، بانگتان دەکەن بە فیکە، ماچتان دەکەن ئەنتیکە). ئەمە جگە لەوەی دەیان گۆرانی و شیعر بەسەر گۆزەی سەرشانی ژنان گوتراوە و وەک میکاژێکی جوانی کچانیان پێ ڕازاندوەتەوە. بە داخەوە هەرچەند لەقەب ئەو پێشینە میژووییەی هەیە، کەچی لە بەرگی شارستانی و پاسپۆرتی عێراقدا هەر ماوە، بەڵام لە وەرگێڕانە کوردییەکە ئۆخەی و خۆشبەختانە، کە واژەی نازناو دانراوە، کە جوانی و نازداری دەبەخشێتە ناوەکە. بە داخەوە لە زۆربەی وڵاتە عەرەبییەکان ناوی دایک و ئایین هەر لە پاسپۆرتەکانیاندا ماون، باش بوو لەوەی عێراق هەڵگیرا. هەرچەند لە سەردەمی پادشایەتیشدا ناوی ئایین و دایک نەبوون. لەبەر ئەوەی لە دورگەی عەرەب و چۆڵەوانیشینەکاندا، منداڵی بێ باوک زۆر دەهاتنە دنیاوە، ناچار ناوی کەسەکانیان بە ناوی کوڕی فڵان کەس ناودەبرد، وەک؛ عمر بن الخطاب، حسين بن علي، بۆ ئەوەی دڵنیا بن کە ئەمانە باوکیان هەیە و دیارن و زۆڵ نین. پاشان کەمێک کە چاویان کرایەوە، ئیتر کەسەکانیان بە ناوی باوکی فڵان کەس بانگ




دەکرد وەک؛ ابو علاء، ابو سينا، ، بێگومان بۆ هەمان مەبەستی پێشوو، ئەگەر خاوەنی هەشت کچ بوونایە و یەک کوڕیان هەبووایە، هەر بەناوی باوکی کوڕەکە ناوزەدیان دەکردن!. ئیتر ناوی نێر و می لەیەک جوداکرانەوە، کە یەکێک بوو لە کێشەکانی میللەتان.

هەرچەند نازناو یا بچوککردنەوی ناو لە زۆر میللەتاندا هەیە، بەڵام لە کورددا بۆ کوڕ (لۆ و لە)، بۆ کچ (لێ) بەکاردێت وەک: بۆ نێر حەمەلە، عەبەلە و کاکۆ و کاکەلە، بۆ مێ مینالێ، ئایشەلێ، کەنیلێ. کناچلێ. ئیتر لە پاش ڕوخانی دەوڵەتی عوسمانی ناوی سیانی و ناوی چواری، کە ناوی کەسەکە و ناوی باوک و باپیر و باپیرە گەورە بە دوای یەکدا دەنووسرا. لە خانەی لەقەب زۆربەی کاتەکان هیچ نەدەنوسرا، چونکە تا ئێستاش لە خوارووی عێراق کۆمەڵیک ناوی ئابروبەرەی وا بەکار دەهێنرێت، کە شایانی نووسین نییە، بەڵام لە ئەوروپا هەر لە سەدەکانی ناوەڕاست نازناو، یا باشتر بڵێم ناوی خانەوادەگی بەکار هاتووە، بە تایبەتی وەک ناوی باوان و ڕەچەڵەک و شوێن و کیڵگە و پیشەکانیان، کە دەکرانە ناوی فامیلی.

هۆڵەندا تا سەدەکانی نێوەراستیش ناوی بنەماڵەییان نەبوو، تا لە سەردەمی دەسەڵاتی فەرەنسییەکاندا (1799–1815) بە فەرمی ناوی خەڵکیان تۆمار کرد و هەموو کەسیان بە یاسا ناچارکرد، کە نازناوێکی هەبێت.

لە ئێرانیش لە ساڵی 1935 وە ناوی خانەوادەگی بۆ هەموو کەسەکان بوو بە پابەندی یاسایی، بەڵام کەس بۆی نەبوو ناوی (خان و بەگ و میرزا و سەڵتەنت) بکاتە پاشگری ناوی خۆی. لە ئەفغانستانیش بە ناوی بنەماڵە دەیڵین؛ موخلص، ئەوانیش وەک ئەوروپییەکان هەیانە. لە تورکیاش کەمال ئەتاتورک هەمان یاسای ناچاری بۆ ناوی خێزانی داسەپاند. لە هەندێک وڵاتانی ئەوروپا و ڕۆژهەڵاتی ئاسیا خەڵک بە ناوی دووەمی بانگ دەکرێن، وەک ماو کە ناوی دووەمە و ستۆنگ ناوی یەکەمە، کەچی پێی دەڵێن ماوستۆنگ. کورد و عەرەبە پەنابەرەکانیش لە ئەوروپا کێشەی ناوی خێزانییان هەیە، کە ناچارن ناوی باوک یا باپیر بکرێتە ناوی بنەماڵییان.

خۆشبەختانە ئێستا تەنانەت لە عێراقیش بە ڕێی دادگا هەموو کەس دەتوانێت ناوی خۆی بگۆڕێت، چونکە ناوی تاک موڵکی تایبەتی کەسەکەیەوە و ئازادە چۆن خۆی ناو دەنێت.

لە هۆڵەندا هەرکەس لە دایک دەبێت بۆی هەیە سێ ناوی هەبێت، ناو، ناوی بانگکردن، ناوی خوازراو. لە زۆربەی وڵاتانی ئەوروپاش هەموو کەس ئازادە کە ناوی خۆی بگۆڕێت، لە ئەمریکاش زۆر بە ئاسانی ناو دەگۆڕێت.

هەرچەند زۆربەی پەنابەرەکان لە ترسی خۆشاردنەوە و نەناسینەوەیان لە لایەن ڕژێمە دیکتاتۆرەکانی، کە هەڵاتوون لێی، ناوی خۆیان دەگۆڕن، یا ناوی دڵخوازی خۆیان هەڵدەبژێرن. کە ئەمەش کێشەی زۆری موڵکداری و میراتییان لە وڵاتەکەی خۆیان بۆ دروستبووە.

ناوگۆڕین هۆکار و ئامانجەکانی زۆرن، وەک ناوی پێشمەرگە و گەریلاکان بۆ ئەوەی لە لادییەکانەوە پەسەند بکرێن، زۆربەی ناوێکی مەلا و شێخ و دکتۆر و حاکمیان دەخستە پێش ناوە خوازراوەکانیان. نمونەکان دیارن.

نوسەر و هونەرمەندانیش ئەو بەزمەیان هەیە، چۆن گۆرانی شاعیر ناوی عەبدوڵلایە، ئاواش نالی و کوردی و مەحوی ناوی ڕاستەقینەی خۆیان نییە، کەواتە ناو مافێکی سەرەتایی هەر مرۆڤێکە، کە خۆی ئازادە چ ناوێک هەڵبژێرێت، نەک وەک ئایین و هەندێک جار حیزب و خێڵ هەر لە منداڵییەوە بێ ئەوەی ئاگای لە دنیا بێت، بەسەریدا بسەپێت... ئیتر لە ئێستادا هیچ یاسا و ڕێسایەکی جیهانی گۆڕینی ناوی نەکردووەتە تاوان.

هەر بۆیە هیوادرام پەرلەمانی هەرێم و عێراقیش ئەو یاساییە دەربکات، کە هەموو کەسێک ناوی خێزانی بکاتە یاسایی و لە ناسنامە فەرمییەکاندا تۆمار بکرێت. ئیتر با ئێمەش ناوەکەمان وەک مرۆڤەکانی دیکەی سەر زەوی بێت، نەک زنجیرە ناو، کە دەڵیی تەزبیحە بە دوای یەکدا، دەبێت دەرخ بکرێت.

# ماڵئاوا ئارا گویلەر (١٩٢٨-٢٠١٨)




لە ئەکاونتی (بەکر شوانی)یەوە

هەردووکیان هاوڕێی ژیان و تەمەن بوون؛ یەشار کەمالی کورد و ئارا گویلەری ئەرمەنی... ئەم دۆستی گەلی ئەرمەن و ئەو دۆستی گەلی کورد بوو. کەمال ڕۆمانی دەنووسی و گویلەر وێنەی دەگرت. ساڵ بە ساڵ وێنەکان کەڵەکەبوون تا هەندێکیان لە کتێبێکدا بە ناونیشانی "تێڕوانینی ئارا بۆ یەشار کەمال" چاپ و بڵاو کرانەوە.

فۆتۆگرافەری ناسراوی ئەرمەنیی تورکیا ئارا گویلەر ١٧ ئۆکتۆبەری ٢٠١٨، لە تەمەنی ٩٠ ساڵیدا بۆ یەکجاری ماڵئاوایی کرد و بارگەی پێچایەوە بۆ لای یەشار کەمال و هاوڕێیانی تری کۆچکردووی هەردووکیان...

## بەیادی جاران

## کتێبخانەی سۆلاڤ لە هەولێر ساڵی 1994




منداڵە ڕۆژنامەفرۆشە دەستگێڕەکانی هەولێر، کە (ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ و ڕۆژنامەی برایەتی)یان بۆ هەموو کونجێکی هەولێر دەبرد. ئەو کاتە ئێمە لە کتێبخانەی سۆلاڤ ڕۆژنامەکانمان دابەش دەکرد....هەندێ لەوانەی کە لە وێنەکەدا دەردەکەون، ئێستا پێشمەرگە، مامۆستا، ڕۆژنامەنووس، فەرمانبەر.... یان بەردەوامن لە فرۆشتنی ڕۆژنامە و کتێب.
ئازیزان یادتان بەخێر بێت، من هەمووتانم وەک برا و کوڕی خۆم تەماشا دەکرد. تەمەن درێژ بن ڕۆڵەکانم.

لە ئەکاونتی بەڕێز ئەحمەد جەمیل
خاوەنی کتێبخانەی سۆلاڤ وەرگیراوە.

## گیۆرگ ئەوکات (17 ساڵ)، لە گەشتێکدا بۆ سەرشاخ لە ساڵی 1943 ون دەبێت.
## کۆنترین ڕووداوی بزربوون لە نەمسا ئاشکرا دەبێت.



ڕۆژی 26 ی دیسەمبەری 1943 هەشت کچ و کوڕێک لەزانت مارتینی گەشتێک بەرەو شوێنە زۆر ساردەکان دەکەن، کە ڕێکەوتی دووەم ڕۆژی پشووەکانی سەریساڵە، ئیتر لە کۆشکێکی تاک و تەنها لە"هیۆلن گەبێرگە"، کەزنجیرە چیایەکە بەرەو باکورو بەردەکەی هی چیای ئەلپە، لەوێ و لەبەرزایی ١٨٠٠م دەیانەوێت ئاهەنگی 17 ساڵەی ڕۆژی لەدایکبوونی هاوڕێکەیان "گیۆرگ کۆپلشتێتەر"، کەدایک و باوکی بە "شۆڕشیی"ناوی دەبەن بگێڕن، بەڕای هاوەڵانی پێیان وابووە، کەئەم شوێنە دوورەپەرێزە باشترین جێیە بۆ ئاهەنگێڕان، ئا لەوێدا جیۆرجی ١٧ساڵان ٧٥ساڵ بەبێ شوێن پێ بزردەبێت.
گەشتێک بۆسەر چیا: گروپەکە پێش نیوەڕۆ لەزانت مارتینەوە بەشەمەندەفەر بەرەو" ئێبن زێ" دەچن،لەنێو جانتاکانیاندا: کەلوپەلی هەڵخلیسکان، پۆشاکی گەرم، نان، چەند بوتڵێک مۆست" کە شەربەتی میوەی سێو وهەرمێ وترێیە"دادەنێن و بەهێڵی پەتی بەستراو دەگەنە وێستگەی شاخ، لەوێشەوە ئەو جەوانانە بەرەو"کۆشکی ڕێدەر"دەڕۆن، هەروەک ڕۆژنامەی"کرۆنن" ئەو کات بڵاویکردۆتەوە .دایکی هەرچەندە بیری لەوەکردبووەوە کەباشترە کەسێکی گەورەتر یاوەری گرووپەکە بێت،بەڵام دواجار باوکی گیۆرگ رایەکەی پێدەگۆڕێت. هەر کە دەگەنە کۆشکەکە، ئەوسا گیۆرگ بیری دەکەوێتەوە کە ئۆکۆردیۆنەکەی وا لەویستگەی شاخ بیرچووە، بۆیە بە پێڵاوی دار بەدوایدا دەگەڕێتەوە،کەش وهەوا هەتاوێکی خۆشەو چەند دەمژمێرێک بەمشێوەیە رۆژ بەئاسمانەوە دەبێت،کەچی بەمجۆرە گیۆرگ لەچاوان گوم دەبێت و هەرگیز ناگەڕێتەوە. ئێمە لاشەیەک وپاشماوەی جلوبەرگمان دۆزییەوە: ون بوونەکە تا ٢٤.ئۆکتۆبەری ٢٠١٦درێژەی کێشا،پاشان چارەنووسی گیۆرگ ئاشکرابوو،پسپۆڕی چیا "کریستیان رۆیتەر "لەو رۆژەدا لەگەڵ چەند هاوکارێکی لەوێ بەڕێگاوە دەبن،بە شاخی"گرۆسە کوێتشە"سەردەکەون کەلەوێ وا ناسراوە."لەسەر زەوی لاشەی مرۆڤێکمان بەهەندێ جل وبەرگ وپێڵاوێکی دار بینی،رۆیتە بۆ"رۆژنامەی کرۆنن"،ئیدی یەکسەر پۆلیس ئاگاداردەکرێتەوە.ئینجا ئەوەشی کە بینراوە، جارێ هیچ نەبوو. هۆیەکەش: دوای دۆزینەوەی بەفرێکی زۆر دەبارێت و بەشوێنی دۆزراوەکە ناگەن.ئەوەبوو پاشتر لە١٣.سێپتێمبەری٢٠١٨ پاشماوەی مردووەکە دەردەکەوێتەوە، ئێسکەکانی،پێڵاوێکی داری خلیسکان،قایشێک،پێڵاوێک. ئیتر لێکۆڵەر" بێرنهارد ماگریتزەر" بۆیکرا لەوماوەیەکەدا پشکنینی بۆ بکات و روونیکاتەوە:پاش پێداچوونەوەی بەسەدان لێکۆڵینەوەو دۆسییە،ئینجا بەتەواوی بۆی دەرکەوت:ئەمە سەروکاری بەگیۆرگەوە هەیە"هەروەک بۆ رۆژنامەکەی راگەیاندووە. دایک وباوکی گیۆرگ هەرگیز بڕوایان بەوە نەدەهێنا کەکوڕەکەیان مردووە، بەڵکو وایاندەزانی هێشتا لەژیاندایە دوای ونبوونی سەدانجار چوونەتە هیۆلنبیرگ و بەدوای ئەو گەنجە گەڕاون، تەنانەت ڕۆژنامەکانی هەموو دنیاشیان لێ ئاگادارکردۆتەوە، بەهیوای ئەوەی، گەر کەسێک شتێک لەبارەی گیۆرگ و کوڕەکەیان بزانێت، بەڵکو هەرکاتێک بێت پەیوەندیان پێوە بکات، بەڵام هەمووی بێهودە بوو. هەروەک دانیشتوانە کۆنەکانی دەڤەرەکە باسیانکردووە، ئەو تراژیدیایە، باوانی گیۆرگی خستبووە بارێکی"دەروونی تێکشکاو". هەتا بوونەتە قوربانیی تەڵەکەبازێکیش، ئەویش کاتێک لە فەڕەنسا کەسێک پەیوەندیی پێیانەوە دەکات و پێداگریی دەکات، کە ڕۆڵەکەیانەو ئەو"شووڕشیی"یە. دایک و باوکی داماو پارەیەکی زۆریشی بۆ دەنێرن و دواتر چیدی گوێیان لەو کەسە نەناسراوە نابێتەوە. باوکی گیۆرگ ساڵی ١٩٥١ "بەدڵێکی شکاوەوە"ژینئاوایی کرد،ئەو هەمیشە رێگە پێدراوبوو کە بچێتە سەرشاخ بۆ سۆراخی کوڕەکەی،دایکیشی ساڵی ١٩٨٤ مردو گەیشتە لای کوڕەکەی،هەروەک چۆن ئەمە گەورەترین ئارەزووی بووە، دەستەخوشکێکی وایدەگوت،ماوە بڵێین سەرەتای ئۆکتۆبەر پاشماوەو لاشەی گیۆرگ لەنێوگۆڕی دایک وباوکیدا دواجار بەخاک سپێردرا.

سەرچاوە بیلد. لە ئەکاونتی (موزەفەر عەزیز)ەوە

## هەر جارەی هونەرمەندێکی کورد



### بەختیار ڕەووف محەمەد (نامۆ)

هونەرمەندی شێوەکاری کورد بەختیار ڕەووف (نامۆ)، لەبەر کاروفەرمانی باوکی لە 27 سێپتەمبەری ساڵی 1966 لە عەمارە، لە باشوری عێراق، هاتۆتە دنیاوە و لە دەفتەری نفوسەکەی لە سەر بەغدا تۆمار کراوە. لە خانەوادەیەکی ڕۆشنبیر و ناسراوی سلێمانین و هەر لە منداڵییەوە، تێکەڵاوی ناو دنیای ئەدەب و هونەربووە، لە ساڵی 1989 ەوە لە فەرەنسا دەژی. جگە لە توێژینەوەی زانستی لە بواری مێدیا و هونەردا خەریکی تەواو کردنی نامەی دکتۆراکەیەتی، لە شرۆڤەی سیمای تەلەفزیۆنیدا، لە ساڵی 1994 تا ئێستا لە 15 پێشانگای تایبەتی و هاوبەشدا بەرهەمەکانی خۆی پێشکەش کردووە. سەرجەمی کارەکانی سەرچاوە لە بابەتە هەستیارەکانی مرۆڤەوە وەردەگرێت، بە تایبەتی ئەوین و ئاوێتەبوون، ژیانەوەی ساتە ناسکەکانی نێوی، نۆستالجی بۆ ڕابوردوو، ئەو ڕووداوە هەستهەژێنانەی، کە مرۆڤایەتی ڕووبەڕووی دەبێتەوە.

بۆ زانیاری زیاتر لەسەر کارە هونەرییەکانی بڕوانە ئەم لینکە:
https://www.facebook.com/profile.php?id=100014682243917


















تاراوگە

بڵاوکراوەیەکی کوردیی هەواڵی ناوبەناوە، بەشێوەی ئەلکترۆنی لە هۆڵەندا بڵاودەبێتەوە.

TARAWGA



E–mail : sardarfatah@live.nl

HOLLAND –Amsterdam

Mob& Viber& WhatsApp: +31684950807